# زمان‌و پەرەپێدانی مرۆیی

د. شیلان عومەر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زمان‌و زانستە مرۆڤایەتیەکان

پێشەکی:

توانا‌و کاریگەری زمان، وەك پرۆسەیەکی ئاوەزیی‌و ژیریی، لە وەرگێڕانی هەڵوەستەو بەهاو دابونەریت‌و ڕەسەنایەتی، بۆ هەڵوێست‌و کردارو ڕەفتارو پەرەپێدان بە کەسایەتی مرۆڤ بەگشتی‌و پەرەپێدانی مرۆیی، بابەتێکە دەکەوێتە بواری زانستی زمانەوانی دەرونی کۆمەڵایەتی درککردن، کە لقێکە لە زانستی زمانی کارەکیی(Applied Linguistics). زانستی پەرەپێدانی مرۆیی بابەتێکە دەکەوێتە سەر چۆنێتی بەکاربردنی پێکهێنەکانی، کە گرنگترینیان پێکهێنی بیرە، بەو واتایەی پەرەپێدانی مرۆیی، کە ڕەهەندەکانی مرۆڤسازی‌و ژیانسازی لەخۆدەگرێت، لەسەر بنەمای جۆرو چۆنێتی تێکردە بیرییەکان بنیاتدەنرێت، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە زمان، بە سەرچاوەی بنەڕەتی‌و کرۆکی بەدەستهێنانی بیرو بەهاو کۆزانین‌و فێربوون‌و پەیوەندیگرتن....تاد، دانراوە، بۆیە وتراوە زمان بیرێکی دەنگدارە یان دەربڕاوە یان گۆکراوە، زمانیش بەبێ بیر تەنها دەنگەو هیچی تر. زمان دیاریکەری مەعریفەودنیابینی‌و ئەزمون‌و تێکۆشان‌و ڕەفتارو کەسێتی جیهانی ئاخێوەرانێتی، کەواتە زمان هەم لەلایەك سەرچاوەی دەستخستن‌و گەیاندنی بیرەو لەلایەکی تریشەوە نێوانگرە لە نێوان بیرو زانستی پەرەپێدانی مرۆیدا، لەمەوە زمان بە ڕەفتار ناسێنراوەو، ڕوکارێکە لە ڕوکارەکانی چالاکی مرۆیی، بەبێ بەستنەوەی بە چالاکی مرۆییەوە ناتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین‌و هەر تێکردەیەکی بیریی دەرکردەیەکی ڕەفتاریی بەرهەمدێنێت، بۆیە ئامانج لەم باسە سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەی ژیریی‌و ئاوەزی تاکە(مرۆڤسازیی)و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری‌و ئاگایی پەروەردەیی‌و کلتوری(گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی)و خولقاندنی بەهابالاکان‌وفێرکردنی ئاداب‌و ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکانە(ژیانسازیی).

## بەشی یەکەم: زمان‌و بنەماکانی بیر

### ١/١) زمان‌و دروستەی بیر:

چەمکی زمان‌و ئەرکەکەی، وەك لێهاتویی‌و کەناڵی پەیوەندی-لەیەکگەیشتن‌و هۆکاری ئاڵوگۆڕی زانیاریی‌و دەربڕین پەسنکراوە، لێکۆڵینەوەی ئەم ساڵانەی دوایی زانایانی بوارە جیاجیاکانی(ئەنسرۆپۆلۆژی‌و دەروونناسی‌و کۆمەڵناسی‌و درککردن‌و...لەگەڵ زانستی زماندا)، لە نامۆیی‌و نادیاری‌وپەنهانیەکانی (مرۆڤ_ژیان)و دەستنیشانکردنی زمان، وەك کرۆکی

بابەتەکانو گرنگترین ڕێگە بۆ پەیبردن، نرخاندنی نوێی بۆ پەسنکردنی زمان هێنایەکایەوە، بەوەی زمان(بە ئاڵۆزیی و تێکچڕژاویی پێرەوو پێکهاتەو پەیوەندیی زمانییەوە)، بە نوێنەروگەنجینەو کۆکەرەوەی ڕاستەقینەی پێکهێنە دەرونیەکانی مرۆڤ، کە خۆی لە (پەیوەندی زمان بە بیروبیرکردنەوەو کۆزانیاریو لۆژیكوتێڕوانینودنیابینی... تاد)دا دەبینێتەوەو کاردانەوەکانێتی لە دەرەوەی مرۆڤدا، کە بریتیدەبێت لە(زمانی جەستە، ئاکارو ڕەفتار..) دانراوە، ئەم دووانە –ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بەرجەستە دەکەن– ، لێکەوتەی ئەم ناساندنە تێڕامانو تێفکرینی نوێی بۆ چەمکی زمان بەرهەمهێنا، بەوەی زمان تاکە هۆکارە[*]، کە پێیەکی لە مێشكو ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەکەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەکترییەوە، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆکارو هەم سەرچاوەی مرۆڤسازیو ژیانسازییەو ئەرکی گەورەتروکرۆکیتر لەوە دەگێڕێت، کە پێشتر باسکراوەو گوێزەرەوەی کلتورو بەهاو کۆزانینو ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەکانەوە بەیەکترییەوە ، لەهەمانکاتیشدا هۆکاری سەرەکیە بۆ گەیشتن بەناواخنی ژیریوئاوەزی مرۆڤەکان (زمان هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەوە. کۆکەرەوەو هەڵگروخەزێنەودەربڕی هەموو لایەنەکانی تاكو کۆمەڵە، ئاوێنەی کلتوروبیرو دیوانی شارستانیەتیەتی، لەگەڵ ئەرکی گەیاندنو تێگەیشتنی نێوان تاکەکاندا بۆتە کەرەستەو ئامرازی سەرەکی، کە مرۆڤ بیریپێدەکاتەوەو پێی فێردەبێت ، کاتێك منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کلتوروبەها کۆمەڵایەتیەکان وژیانی دەکەین، لەڕێی ئەو واتاوبیرانەی، کە بەهۆی زمانەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە هەر کەموکورتیەك لە زماندا(زمانی ئاخاوتن، زمانی خوێندن،..) گرفت بۆکۆزانینوبیرو چۆنێتی بیرکردنەوەوفێربوونو پەیوەندی–لەیەکگەیشتنی منداڵان دروستدەکات، لەلایەکی تریشەوە گوفتارو ڕەفتارو ئاکارەکانیش، کە لێکەوتەی ئەمن، پێکدەهێنێت. ژیری وابەستەی زمانەو ئەم ئاڕاستەو ڕێبەرایەتی دەکات، هەڵسەنگاندنو نرخاندنی دەوروبەر(مرۆڤ، بابەت، کەلوپەل،..)و دیاریکردنی بژاردەکان لە بووندا بەهۆی ئەمەوەیە، بۆیە بە ڕێکخەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو هۆکاری مامەڵەوهاریکاریکردنی نێوان تاکەکانو کۆمەڵوئامرازی پارێزەری بونیاتی مرۆڤایەتیی دانراوە. زمان ڕایەڵەی پەیوەستکردنی جیهانی ئاوەزە بە جیهانی فیزیکیەوە/مادیەوەو دەفرێکە، کە پڕکراوە لە بەهاودابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانو..)[1]، بە کورتیو بەپوختی دەتوانین زمان، بە کرۆکی بیروجوڵەو هەڵوێستو بڕیارەکانی مرۆڤ پەسنبکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن بتوانین مامەڵە، لەگەڵ ئەم پەنهانیوپێکهاتە چڕوئاڵۆزەدا بکەین، کە تائێستا زۆر لایەنی خودی مرۆڤ، لە خۆیدا بەلێڵیی و نادیاریی ماونەتەوەو زانایان، لە لێکۆڵینەوەی بەردەوامن تیایانداو لە ئێستادا، لە هەموو لایەنەکانی وەك درككردنو دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی و ..تاد، لەم بوارە دەکۆڵنەوە، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك، بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانو بۆ ئەوەی دواجار بەهۆیەوە، لە خودی مرۆڤ بگەنو لێکەوتە ڕەفتارییەکانی هەڵبسەنگێنن، بۆ ئەو مەبەستەش لە پەیوەندیی (زمانو ئاوەزو ڕەفتار)پێکەوە دەستیانپێکردو لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەکانیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی لە پشت هەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکەوە، کە تاك لە کۆمەڵدا دەینوێنێت، بیرێك/چەمکێك لە ئاوەزدا هەیەو بەرهەمهێنەری ئەو ڕەفتارەیە، ئیتر ئەو بیرە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، ئەو بیرەش زۆرتر بەهۆی زمانەوە وەردەگیرێتو

---

[*] هۆکاری تریش هەن، بەڵام جارێکی تر ئەمانەش هەر بەهۆی زمانەوە واتاو مانایان پێدەبەخشرێتو زیندوودەکرێنەوەو کەرەستەوهۆکاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو گەیاندنی واتایانو..بە زمان دەبێتو دەکرێت.

[1] Robert M. Krauss and Chi-Yue Chiu(1998:15).

دەردەبڕدرێت، هەر ئەمەشە پەرەپێدان یان چەقبەستوویی لێدەکەوێتەوە. بابەتی پەرەپێدانی مرۆیش دەکەوێتە سەر ئەو تێکردە بیریانەی ئاوەزی مرۆڤ وەریاندەگرێت، کە لەلایەك کرۆکی زمان پێکدەهێنێتو لەلایەکی تریشەوە زمان نێوانگرە لە نێوان بیرو بنەماکانی پەرەپێداندا، لێرەدا دەبێت بگەڕێین بە شوێن وەڵامی پرسیاری وەك بیرچییە؟ یەکە پێکهێنەرەکانی بیر کامانەن؟ پرۆسەی بیرکردنەوە چۆن بەرجەستە دەکرێت؟ کەرەستەکانی بیرکردنەوە چین؟...

فەلسەفەی زمان لێکۆڵینەوەیە لە بیری مرۆیی لە ڕێی هێما زمانییەکانەوە. بەواتا هێما زمانیەکان هەڵگری بیرەکانن، بیر بەوەی چالاکیەکی ئاوەزییەو لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێت. مێشکیش کۆئەندامێکی گرنگە لە مرۆڤدا، بەرپرسی هەموو ئەو کاروچالاکیانەیە، کە لە ناوەوەی مرۆڤدا دەگوزەرێن، بەشێك لەوانە چالاکیە ئاوەزییەکانن(سۆز، وێناکردن، ئیرادە، بیر، پێویستی..). بیر بابەتی پەیوەندکردنی زمانە بە ئاوەزەوە، کە بۆتە بابەتێکی کرۆکیی مرۆیی (ئاوەز بە سەنتەری دەستەڵاتشکاندنەوە بە سەر جەستە، کردە وچالاکیەکانی مرۆڤ دادەنرێت، زمانوەرگرتنیش یەکێکە لەو دیاردانە)[٢]، لە مێشکدا بەتایبەتتر لە یادگەدا پرۆسە ئاوەزییەکان پەیوەست بە زمانەوە( درککردن، چارەسەر کردنی زانیاریی، تۆمارکردن، خەزنکردن، تێگەیشتنو بەرهەمهێنانو..تاد) تاووتوێدەکرێن[٣]. پێڕەوی هێمایی-بیریی زمان وایکردووە، بپرسین: هێماو فۆڕمە زمانییەکان چۆن بە کۆد دەکرێن؟ بیرو چەمکەکان بۆ دەستخستنی زانیاری زمانیی چۆن دەچنە/دەپێچرێنە ناو فۆڕمە زمانیەکانەوە؟ دواتر چۆن کاریگەریان لەسەر ناخودەرونو ڕەفتاری مرۆڤ دەبێت؟

مرۆڤ هەر لەیەکەم ساتی هاتنە ژیانیەوە، بە لێشاو ڕووبەڕوی جۆرەها زانیاریی، لە( داتاو کەرەستەو هێماو ئاماژە) دەبێتەوە، کە بونیاتی زانیاریی پێکدەهێننو ئاماژە بە خودی خۆمانو دەوروبەرمانی پێدەکەین، کە لە ڕێی ئۆرگانەکانی هەستکردنەوە پێیدەگاتو لەگەڵ وەرگرتنو خەزنکردنی زانیاریەکاندا دەتوانێت، بەپێی پرۆسە ئاوەزییەکان((بڕیاردان، لۆژیك، وێناکردن، چارەسەری کێشە،..)، کۆمەڵێك کردە بەسەر ئەو زانیاریانەدا بهێنێت، کە پێشتر نەیکردوون(مێشکی مرۆڤ هەڵگروگۆڕەر ودەستکاریکەرو خەزنکەرو بە جفرەکەری ئەو زانیاریانەیە، کە بەهۆی ئۆرگانی هەستیی جیاوازەوە وەریاندەگرێت و لەڕێگەی کارلێکی ئاڵۆزی ئاوەزەوە وەریاندەگێڕێت، ئەمانەش بەهۆی پرۆسەیەکەوە دەبێت، پێی دەوترێت(بیرکردنەوە)، کە بەرهەمهێنەری دەرکردە زارەکیو ڕەفتارییەکانە، کە لەسەر بنەمای زانیاریی جۆراوجۆر خەزنکراون)[٤].

چەمکی زانیاریی ئەو کەرەستەو داتاو ناووهێماو کۆدو چەندێتیو چۆنێتیو سەرنجو ڕامانو تێبینیوپرسو تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیاتی کۆزانیاریو زانینیان پێگەردراندەکرێت[٥]. (زانیاریی زنجیرەیەکی هێماییەو هەڵگری پەیامێکە یان هێمایەکە بۆ گەیاندنی کۆزانیاری دەربارەی ڕاستیەك، بارودۆخێکی دیاریکراو، کەسێك..)[٦]، لەمەوە پێکهاتەکانی زانیاریی بریتین لە:

١.هێما: هەر بابەتێك، کردەیەك، ڕوداوێك،...واتا بگوێزێتەوە، یان ئاماژە بدات بەوەی ئەم بابەتە.. ئەم ناوەڕۆکەی هەیە، بە هێما دانراوە، یاخود هێما دروشمە، ئاگادارکردنەوەیە، بانگەشەیە بۆ ئەو ناواخنە

---

[٢] ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣:٩).

[٣] بڕوانە ئاڤێستاکەمال مەحموود(٢٠١٢)

[4] Helge Malmgren(2006:7).

[٥] شیلان عومەر حسەین(٢٠١١: ١٣٧).

[6] www.wikipidia.com.

زانیاریەی دەیگەیەنێت[٧]، یان >>هێما<<یەك ئەو یەکەیەیە، کە لە ئیشارەیەك/بروسکەیەکو زانیاریەکی پڕاوپڕو گونجاوپێکهاتووە[٨].

ب.داتا: یەکەیەکی زانیاریە، پێکەوەبوونی ڕاستیو ئەژمارەکانن، بەمەبەستی شیکردنەوە یان ئامارژەپێدان، یاخود ئەو زانیاریە واقیعیانەن، کە بەتایبەت ڕێکدەخرێن بۆ شیکردنەوە یان ببێتە هۆی توانای بڕیاردان، یان بەو بەهایانەی لە ئەزمونە زانستیەکانەوە هەڵگوێزراون، ناسێنراونو پێوەرێکن بۆ بیرکردنەوەو تاووتوێکردنو بڕیاردان[٩]...

خودی زانیاریش دەبێتە پێکهێنەری یەکەیەك لەخۆی گەورەتر، کە کۆزانیارییە (زانیارییەکان بریتین لە پەیوەندییەکان یان پێشبینی کۆزانیارییەکان یاخود زەنگینییان دەبێتە هۆی دەسکەوتنی کۆزانیارییەکان لە ئەنجامی پشکنین یاخود بونیادنانەوە)١٠، بە واتا بۆ تێگەیشتنمان لە کۆزانیاری هەر بابەتێك پێویستە بگەڕێینەوە سەر پێکهاتە بنەماییەکان، ئەوانیش خودی زانیاریەکانن(هێماوداتا)، خودی کۆزانیاریش کە لە گردبوونەوەی چەپکە زانیاریەکان پێکهاتووە، مەبەست لێی توانستی بیرکردنەوەی ئەو شتانەیە، کە پێشتر فێریان بووین. توانای بە بیردا هاتنەوەی شتەکانە لە کاتی پێویستدا بۆ سەر لە نوێ بەکارهێنانەوەی لەو شوێنەدا کە دەگونجێت، بە واتا کۆزانیاریی ئەنجامی زانینە بە شتێك، دیاردەیەكو بە یەکەم قۆناغی ئاستی بیرکردنەوە دانراوە، بڕوانە دروستەی کۆزانیاریی، کە لە هێڵکاری(١)دا خراوەتەڕوو:




دروستەی کۆزانیاریی

هێڵکاری (١)

---

[7] www.dictionary.com.

[٨] محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩: ٤٠).

[9] www.dictionary.com.

[١٠] گۆنا عمر(٢٠١٣: ٩).

سەرچاوەی زانیارییەکانیش بریتین لە:

ا. ئۆرگانە هەستیەکان(بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان، هەستی شەشەم: بۆ درکپێکردنی جەستەمان لە ناوەوەو خەملاندنو وێناکردنە ماتریالیانەی دەرەوە، هەستی حەوتەم: بۆ درکپێکردنی ئاوەزوهۆشمان لە ناوەوەوخوێندنەوەو خەملاندنی ئاوەزو هۆشی ئەوانی تر)، ئەمانیش بریتین لە فاکەلتی هەستەوەرەکانو لەکاردابوونیان، بەواتا کردەی هەستکردنو سەرنجدان لەئەنجامی وروژێنە هەستیەکانەوە بەرهەمدێتو دەبێتە هۆی گەلاڵەبوونی زانیاریی و بە زانیاریی هەستیی ناونراوە، وەك بینینی گوڵ زانیاریەکمان دەداتیو بۆنکردنی گوڵیش زانیارییەکی تر.

ب. ئەزموون: مەعریفەو دانایی وکارامەیی کارەکییە، کە لە واقیعەوە وەرگیراوەو لەلایەن کەسانی ترەوە تێبینی نەکراوە، یان کۆکراوەو تێکڕای درککردنەکانمانە، کە بۆچونو دیدگەوتێفکرینمان پێشکەشدەکات. پرۆسە ئاوەزییەکان لە مێشکدا تاوتوێو چارەسەری هەر زانیارییەکی تێکردە دەکەنو ئەو زانیارییەشی لە ئەزموون وپراکتیزەکردنەوە دێت بە زانیاریی ئەزموونیی دیاریکراوە، بە واتایەکی تر پەیوەستکردنی زانیارییە هەستیە گەلاڵە بووەکان، لە ناویەکداوکۆکردنەوەیانو تاقیکردنەوەیانو بە کارەکی بەرجەستەکردنیان، دەبێتە هۆی بەرچاوڕونیو تێبینیکردنو ئەزموون پەیداکردن، لێکەوتەی ئەمەش چەشنە زانیارییەکی جیا لەوەی بەهۆی هەستەکانەوە دەستمانکەوتووە بەرهەمدێنێت، کە زانیاریی ئەزموونیە. بۆ نموونە لە ئەنجامی گردبوونەوەی ئەو زانیاریانەی بەهۆی هەستەوەرەکانمانەوە دەربارەی (گوڵ) لامان گەلاڵە دەبێتو تاقیدەکەینەوەو بە ئەزمونیدەکەین، زانیارییەك بەرهەمدێت جیایە لە زانیارییە پێکهێنەرەکانی، بە واتای ئەوەی چەشنی گوڵی وەك(گوڵەباخ، نێرگز، شیلان) هەریەکەیان تایبەتێتی خۆی هەیە، کە بەهۆی تاقیکردنەوە بۆماندەردەکەوێت.

پ. درککردن: دیاریکەرو ڕێکخەرو لێکدەرەوەی زانیارییە هەستیی و ئەزموونیەکانە، لە پێناو نواندنو تێگەیشتن لەدەوروبەر، هەموو بۆچونو درککردنەکانو هێماکان لە پێڕەوی دەمارییەوە وەرگیراون، کە ئەمانیش لە دەرئەنجامی وروژێنەرە فیزیکیەکانی ئۆرگانە هەستیەکانەوە وەدەستدەخرێن، لەخۆ دەگرێت. پرۆسەی درککردن بەهۆی(فێربوون، یادخستنەوە، پێشبینیکردن)پێکدەهێنرێت، بۆ چارەسەری تێکردە هەستیەکان، لە پێناو بنیاتنانی زانیاریی وردتر(کۆزانیاری)[11]، ئەم زانیارییەی لەم پرۆسە ئاوەزیەدا بەرهەمدەهێنرێت، بە زانیاریی درککراو دانراوە. پیاجە( قۆناغەکانی گەشەکردنی زانیاریی و درکپێکردنی کردووە بە چوار قۆناغەوە: هەستکردن، بیری پێش کردار، هەستکردنو بیرکردنەوەو بیری کرداری)[12]، بۆ نمونە بە هاتنی بۆنی نێرگز یان گوڵەباخ لە دورەوە بەبێ بینینی گوڵەکە خۆی ڕاستەوخۆ درك بەوە دەکەین کە ئەمە بۆنی چ جۆرە گوڵێکە، بۆ بەرهەمە ڕووەکیەکانی وەك(گێلاس، توری سور، گۆیژی سور، تەماتە) هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت.

---

[11]www.wikipidia.com.

[12] ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٤٠-٤١).

ئەم چەشنانەی سەرچاوەی زانیاریی(هەستیی، ئەزموونیی و درککردنیی) پێکەوە تێڕوانینێك، دیدگایەك و باوەڕێکمان دەربارەی کەسەکان، شتەکانی دەوروبەرو خودی دەورەبەرو ژیان و...دەدەنێ، کە بە چەمك ناوبراوە، لەمەوە چەمك درككردنە بە واتای بابەتەکان و ئەنجامی ئەو لێکەوتانەیە، کە لە کردەی درككردنمان بە واتای بابەتەکان دەکەونەوە، واتە ئەنجامی تێگەیشتن لە بابەتێك بە چەمك دانراوە وئەو سێ چەشنی زانیارییە دروستەی چەمك پێکدەهێنن و لە زماندا ناوو ناوی پرۆسەکان دەینوێنن، چەمك: بەرەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێك، دیدگەیەکی ئاوەزی گشتیەو پەیوەستە بە هەبووەکانەوە، یان بیرە گشتیەکانە کە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەزمونەکان بەکاریاندەهێنین.

دروستەی چەمك پێکهاتووە لە[١٣]:

ا.هێما(وشە/ هێما)، ناون بۆ چەمکەکان.

ب. هێمابۆکراو، نمونەی چەمکن.

پ. تایبەتێتی، جۆرایەتیەکانن(کوالیتی)، کە هەموو نمونەکانی چەمك پشکی هاوبەشیان تیایدا هەیە.

لە ئۆنتۆلۆژیدا [*] چەمك پۆلەڕەگەزی هەبووەکانە، لە فەلسەفەی سەردەمیشدا چەمك:

١. بە واتای نواندنە ئاوەزییەکان دێت، کاتێك چەمکەکان هەبووەکانن و لە مێشکدا هەن.

٢. توانست دەگرێتەوە، کاتێك چەمك توانستی تایبەت و ناوازەبن بۆ کارایی کۆزانیاری.

٣. بابەتێکی ئەبستراکتە، کاتێك بابەتەکان لە کرۆکەواتا(پرۆپۆزشنەکان، کە هەڵگری بەهای ڕاستەقینەن) پێکهاتبێت، کە نێوانگری بیر، زمان، ئاماژەیە[١٤]. هەرچی نواندنی ئاوەزیشە وێناکردن و نواندنی جیهانە لە ئاوەزداو بە بیر ناسێنراوە، لەبەرئەمەیە بە نێوەندو ڕایەڵەی پەیوەستکردن و ئاوێتەکردن و کارلێککردنی زمان وواقیع دیاریکراوە( وشەکان یەکە پێکهێنەرەکانی زمانن. چەمکەکانیش یەکە پێکهێنەرەکانی بیرن)[١٥]، بیر:بریتیە لەو کەرەستە خاوەی لە ئاوەزی هەرتاکێکدایە، کە دیدوبۆچونێکی ڕوت(مجرد) دەگرێتەوە، بەرامبەر بە هەبووەکان لە جیهانی

---

[13] Zaid Ali Alsagoff(2010:9).

[*] ( ontology) بوونناسی، فۆڕمێکی گریکیە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفیە بۆ سروشتی بوون/هەبوون یان ڕاستەقینە، هەروەها یان وەکو پۆلەڕەگەزەکانی هەبوون و پەیوەندییەکانیان. لە توێژینەوە تەقلیدیەکاندا ڕیزبەندکراوە وەك بەشێك لە لقێکی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەی بە میتافیزیك ناسراوە. ئۆنتۆلۆژی لە کۆمەڵێك پرسیار دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندی هەیە بە: (ا) ئاخۆ چ هەبوویەك بوونی هەیە، یان دەتوانرێت بوترێت بوونی هەبێت.(ب) ئەو هەبووانە چۆن بە گروپ بکرێن، کە پەیوەندییان لەنێوان خۆیاندا بە شێوەی هەڕەمی هەبێت و دواجاریش بەم شێوەیە بۆ دیاریکردنی لێکچوون و جیاوازی پۆلێنبکرێنەوە. چەمکی شتە دوانەییە ئۆنتۆلۆژیکییەکان بریتین لە:(ا) گەردوونییەکان و بەشییەکان(تایبەتەکان).(ب)ماددەو پەیدابووەکان(ڕوداو).(پ) ئەبستراکت وکۆنکرێت.(ت) کرۆك و ناواخنەکان و هەبووەکان.(ج) دیاریکراوی و نادیاریکراوی. بڕوانە شیلان عومەر حسەین(٢٠١١: ١١٢).

[14]www.wikipidia.com.

[15] Zaid Ali Alsagoff(2010:11).

دەرەوەدا(لە فەلسەفەی ژیریدا، لە زانستی سایکۆلۆژیای دەمارزانی درکپێکردندا، بیر بە نواندنی ئاوەزی وێناکراوە، نواندنی ئاوەزیش (mental representation) بریتیە لەو گریمانانەی، کە هێمای درکپێکردنی ناواخنیو واقیعی جیهانی دەرەوە دەنوێنن. یان کۆتا پڕۆسەی ئاوەزییە، کە وادەکات ئەو هێمایانە بەکاربهێنرێن، یان وێنەی ئاوەزیی بابەتەکان بەرجەستە بکرێن، تەنانەت توانای ئەوەی هەیە ئەو بابەت یان شتانەی، کە نوێن یاخود نینو تاقینەکراونەتەوە بنوێنێت( وەك کەسێك سێ دەستی هەبێت، شوێنێك نەتبینیبێتو بیهێنیتە پێشچاوی خۆت)، بە گشتی نواندنی وێنەی ئاوەزی بە بیرەکان دانراون، لێرەوە بیر لە ئەنجامی تێکچڕژاوی ئەو چەشنە زانیارییانەو بە جێبەجێکردنی پڕۆسە ئاوەزەییەکان لە ئاوەزدا لەدایکدەبێت، ناواخنی بیرەکانیش دروستەی هێمایی دەینوێنێت)[١٦]، یان (نواندنی ئاوەزی وەك سینۆنیم بەرامبەر بەو بابەتو ڕوداوانەی بەئاوەزی دەنوێنرێن، دانراوە، وەك سیستمی نواندنی گشتی(نواندنی زمانەوانیو وێنەی ئاسایی) چونکە پێویستمان بە لێکدانەوەی واتاکەیودرککردنێتی) [١٧]. پێکهاتەکانی نواندنی ئاوەزی بریتین لە[١٨]:

١. هێماکان، کە ئاماژە بە ڕوکارەکانی ژینگە دەدەن.

٢. پڕۆسەی ئامادەکردنو چارەسەرکردنی هێماکان، بەرهەمهێنانی هێمایی بە ڕەفتارییو نواندنێتیی، بەجۆرێك کە بە هۆی هێماکانەوە داوای گۆڕینوکۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە دەوروبەرەوە دەکەن.

جۆرەکانی نواندنی ئاوەزیش خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە[١٩]:

ا. مۆدێلە ئاوەزییەکان: جۆرێکن لە هێمای ناوەکیوواقیعی جیهانی دەرەوەو دەنوێنن، ڕونکەرەوەی پڕۆسەی بیرکردنەوەیە لەو ژینگەیەی تیایدانو دۆزەرەوەی پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانیو درککردنی کردە مرۆییەکانو دەرەنجامەکانیشێتی، ئەمەیارمەتیدەرە بۆ وێناکردنی ڕەفتارەکان.

ب. پڕۆپۆزشن: لۆژیکە، بەیانکردنە، بەهای ڕاستەقینەیە، واتە ڕاستو دروستی بابەتەکانە، وەك پڕۆپۆزشنی ڕستەیەك.

پ. ئیمەیج/وێنە: کۆپیکردنو وێناکردنو تۆمارکردنی ئاوەزیانە/هزریانەی بابەتەکانە((وێنەی هزری شێوەی پێکەوەهاتنونەخشاندنی پەیوەندی واتاکانە لە هزردا بۆ گەیشتن بە چەمکە نموونەییەکانو بەردەوامبوونی پڕۆسەکانی بیرکردنەوەو تێفکرین)[٢٠]، پوختەی دروستەی چەمك لە هێڵکاری(٢) خراوەتەڕوو.

---

[16] www.dictionary.reference.com

[١٧] Helge Malmgren(2006:13).

[18] C. R. Gallistel (2001:3).

[19] www.dictionary.com.

[٢٠] ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٣: ١١).




**دروستەی چەمك**

**هێڵكاری (٢)**

**بە گشتی نواندنەكان لە پرۆسەی پەیوەندیگرتندا(پرۆسەكانی ناردنو وەرگرتنی زانیاری لەنێوان خەڵكدا)، لە پارادیگمای بەجفرەكردنوجفرەلێكدانەوەدا، بەهۆی كۆدەكانەوە دەگوێزرێنەوە، كۆد پێڕەوێكە نەخشە بۆ دەستەیەك لە هێماكان لەسەر دەستەیەك لە واتاوئاماژەكان دەكێشێت(جفرە/كۆد: پێڕەوی هێماو ئاماژەو پەیامە، یان گوێزەرەوەی پێڕەوبەندانەی هێمای پەیامێكە، بەمەبەستی گەیاندنی ناواخنی پەیامەكە. پەیامیش ناواخنی پەیوەندیگرتنێكی كورتە بەهۆی وشە، هێما، ئاماژەوە دەگەیەنرێت، هەر خودی خۆیشی بریتیە لە زانیاری)[٢١]، بوونی كۆد ڕێگەدەدات بە نواندنەكان بۆ هێماكان بگۆڕدرێن(بەكۆدبكرێن)، كە دەتوانرێت بگوازرێنەوە، هەروەك چۆن دەتوانرێت جارێكی تر بنوێنرێنەوە(جفرەلێكدانەوە)، ئەمەش ڕاستەخۆ لەلایەن ئامێری پرۆسەی زانیاریەكانەوە ئاڕاستەدەكرێت، لە پەیوەندیگرتنی مرۆیدا ئامێری پرۆسەی زانیارییەكان خەڵكنو كۆدەكانیش زمانن، كە ڕێگە بە ئاخێوەران دەدەن لە خوڵقاندنی نواندنی زمانەوانییەكی وا، كە یەككگرتوو بێت لەگەڵ ئەو نیشانانەی پەیوەندیدارن، بە نواندنە ئاوەزیەكانەوە كە دەیەوێت بیگەیەنێت، پەیوەندیگرتن لە دوو پرۆسەی سەربەخۆ پێكهاتووەو بریتین لە، بە جفرەكردنوجفرەلێكدانەوە، بە جفرەكردن: (پرۆسەكانی گۆڕینی تەسەورەكانی (چەمكوناوەڕۆكەكانی) قسەكەرە بۆ هێمای زمانیی، واتە چۆن دروستە بیریەكان،ئاوەزییەكان دەگۆڕێنو دەكرێن بە دروستە زمانییەكان. هەرچی جفرەلێكدانەوەیە: گێڕانەوەی هێمازمانییەكانە بۆ تەسەورەكانی (چەمكوناوەڕۆكەكانی) گوێگر، واتە چۆن لە دروستە زمانییەكانەوە دروستە**

21 www.wikipidia.com

بیرییەکان،ئاوەزییەکان هەڵدەهێنجێنرێن)[٢٢]. کە ئەمەش ناواخنی پرۆسەی بەرهەمهێنان‌و تێگەیشتنی زمانیی پێکدەهێنێت.

## ٢/١) وشەوبیر:

پەیوەست بە پەیوەندی نێوان زمان‌و بیر لەلایەن زانایانەوە[*] بۆچوون‌و تێڕوانینی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو، ئایا بیر دیاریکەری زمانە، یان بیر جڵەوی زمانی گرتووە یان بەپێچەوانەوە؟ کامیان کاریگەری لەسەرئەویتریان هەیە؟ ئایا جیاوازی زمانیی ڕێگەی جیاوازمان لە چۆنێتی بیرکردنەوەدا بۆ دەڕەخسێنێت؟ ئایا زمان پێش بیرە یان بەپێچەوانەوەو بۆچی؟ ئەمانەو چەندین پرسی تر، کە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبوون‌و دەشبێت، مرۆڤ دەتوانێت بەبەردەوامیی بیر بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت بە بەردەوامی قسەبکات. ئێمە ناتوانین زمان بەکاربهێنین بەبێ ئەوەی بیرنەکەینەوە لەوەی کە چی دەڵێین( بیر زمانی بێدەنگەو زمانیش بیری دەنگدارە)[٢٤]، ئەوەی ڕوون‌و دیارە ئەوەیە، کە زمان دەربڕوبەرجەستەکەری بیرەو بیریش کرۆکی زمان پێکدەهێنێت، بە واتایەکی تر دروستە بیریەکان دروستە زمانیەکان دەیاننوێنن، دروستە زمانییەکانیش پێڕەوێك لە هێما بەرجەستەیان دەکەن، لە زانستی زماندا بە >>وشەکان<<دانراون. کەواتە توخمە پێکهێنەرەکانی هێما (ناوەڕۆك/تەسەور/ واتا، فۆڕم/ دەربڕین) وشەش پێکدەهێنن. لەمەوە دەتوانین بڵێین وشەکان پەیوەستکەروئاوێتەکەری ناوەڕۆکێکی بیرییە بە فۆڕمێکی هێماییەوە. بیرو وشە لە ئەنجامی پەرەپێدان بە پرۆسەکانی بیرکردنەوەو ئاخاوتن گەشەدەکەن. وشەو بیر کەرەستەی سەربەخۆن‌و بیری دەربڕاویش بەرئەنجامی یەکگرتنیانە، ڕێبازی شیکردنەوەی بیری دەربڕاو پەنای بردۆتە بەر دیاریکردنی پێکهاتەکانی بیری دەربڕاو(ناواخن، کەرەستە)[٢٥]، ناواخنیش لەناو واتای وشەدایە،

---

[٢٢] محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩: ٥٨).

[*] چوار بۆچونی سەرەکی دەربارەی سروشتی پەیوەندی نێوان زمان‌وبیر هەیە:١. Whorf پێوایە ئەو زمانەی قسەی پێدەکەین دیاریکەر یان کاریگەری لە سەر ڕێگەی بیرکردنەوەمان هەیە وجیاوازی نێوان زمانەکان دیاریکەری جۆری توانای بیرکردنەوەیە. ٢.Piaget دەڵێت:"ئەو ڕێگەیەی بیر یپێدەکەینەوە دیاریکەری بەکارهێنانی زمانمانە. بەواتا زمان ناتوانین بۆ پەیوەندیگرتن بە کاریبهێنین تا چەمکەکان لامان گەلاّڵە نەبن ٣. Vygostkeزمان‌و بیر سەربەخۆن، بەڵام پلەبەندانە هەر لە قۆناغی منداڵیەوە بە تایبەتی لە تەمەنی ٧ساڵیدا پەیوەستندەبن پێکەوە.٤.Chomsky پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە زمان‌وبیر سەربەخۆن. فۆڕمی جێگرەوەی LRH لەلایەن Hunt& Agnoli (1991) کە ڕێبازی درککردنە پێشنیازکرا. بۆ پەیوەندی زمان‌وبیر جەختدەکەنەوە سەرئەوەی زمانی جیاواز وادەکات نرخی جیاواز، یان چوارچێوەی جیاواز بۆ بیرکردنەوەکان دابنێین، بە واتایەکی تر تێچوونی ئەژمارکراو زمانی جیاواز بەسەر بیردا دەسەپێنێت‌و دەڵێت" بەهۆی ئەم ڕێبازەوە دەتوانین کاریگەری زمان لەسەر بیر لەڕوی چەندێتی‌و دواتر نرخاندنیەوە بە ئەنجامبگەیەنین". کرۆکەکەی ئەمەیە کە جیاوازی زمانەکان وادەکات هەندێك لە بیرەکان ئاسان یان گرانبن.ئەم ڕێژەیی سانایی بیری بە تێچوونی ئەژمارکراو داناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە *Nick Lund(2003:11)* [٢٣]

.

[٢٤]عەزیز جەلال عەزیز(٢٠١٣: ٤٧).

[25] Lev Vygotsky(1986:212).

واتای وشه نواندنێکی تێکچڕژاوانەی بیرو زمانە*، لەمەوە وشە دیاردەیەکی بیری دەربڕاوە/ ئاخاوتنی واتادارە، کەلە یەکگرتنی هێماو بیر پێکهاتووە. پەیوەندی نێوان وشەوبیر بریتیە لە پنتی تێکچڕژانیان، کە لە دوبارەبوونەوەی درککردن بە دەنگێکی دیاریکراو بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت، گرنگیو ڕۆڵی واتای وشە لە پڕۆسەی بیردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی(گەشەکردنی واتای هەر وشەیەك پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان بیرو ئاخاوتنە، وشە وێنەیەکی بچوککراوەی ئاگایی مرۆڤە، پەیوەندی زمان،بیرو ئاگایی دەنوێنێت)[٢٦]، وشەکان ناواخنیو کرۆکێکی تۆڕئاسایان هەیە(ناوی هاوڕێیەك بیرمان بۆ ماڵوخێزانو..دەبات)، کاتێك باس لە تێگەیشتنی زمانێك دەکەین، یان بۆ فێربوونی زمانێك ڕاستەوخۆو یەکسەر لەسەر واتای وشەکانی دەوەستین، کە پێکهێنی بنەڕەتی زمانو بەگشتی بەپێی دەوروبەرەکانیان بەکارهێنانەکانیانو دواتر واتاو لێکەوتە واتاییەکانیان دەگۆڕێن، هەر وشەیەك دروستەی فۆنۆلۆژیو سینتاکسیو سیمانتیکی خۆی هەیە(وشە بەپێکهاتەی سەرەکی زمان دادەنرێت، هەر وشەیەك لە زماندا یەکەیەکی زانیاریی زمانییوپاساکان لە ناویاندا هەڵگیراون، ناوەڕۆکی واتاوتێگەیشتنیان تێدا کۆبۆنەتەوە، واتە خاوەنی ئەو واتاو چەمکانەن، کە کۆمەڵ لەسەریان ڕێکەوتوون. گرنگی وشەکان لەوەوە دەردەکەوێت، کە هۆکارێکن بۆ گەشەی درکپێکردنی هەستیی، توانا ئاوەزییەکانو گەشەی ژیریی لای تاك، هەرچەندێك ژمارەی وشەکانی فەرهەنگی زمانیی زیاتربێت، ئەوا توانای درکپێکردنو زانیاریی بۆ تێگەیشتنەکان زیاتر دەبێت)[٢٧]، پێکهاتەی ناواخنی واتای وشە لە هێڵکاری(٣)دا وێناکراوە.




**پێکهاتەی ناواخنی واتای وشە**

**هێڵکاری(٣)**

---

* گرانە دیاریکردنی وەك دیاردەیەکی ئاخاوتن یان وەك دیاردەیەکی بیر، بە لای زمانەوانانەوە واتا پێوەری وشەیەو وشە بێ واتا دەنگی بەتاڵە، لەبەرئەوە وشە بە دیاردەیەکی زمان دیاریدەکەن، بە لای دەروونناسانەوە وشە دیاردەیەکی بیرە، بەو پێیەی لە ڕوی سایکۆلۆژیەوە واتای هەر وشەیەك گشتوگیری یان چەمکە. ئەم دووانەش لە پڕۆسەکانی بیرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Lev Vygotsky's ، Nick Lund.

[٢٦] Lev Vygotsky(1986:210).

[٢٧] ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٢٩).

گرنگیەکی تری وشەکان لەوەدایە، کە بە کلیلی کردنەوەی دەرونی مرۆڤ دەستنیشانکراون، بچوکترین وشە دەتوانێت ژیانمان بگۆڕێت، وشەکان وەك تۆو وان، کە دەیپرژێنیت لە کێڵگەی ئاوەزی وەرگردا بەرهەمیدەبێت، لەگەڵ ئەوەی چۆنێتی گەیاندنی وشەکان، یان شێواز لە گەیاندنی پەیامدا ڕۆڵدەبینێت. دەتوانین شێوازی زمانەوانی جگە لە وشە سەربەخۆکان، کە ڕاستەخۆ بیر دەگەیەنن‌و خاوەنی واتان، بەهۆی پۆلە داخراوەکانەوە(ئامراز، لاگر، جێناو،..تاد)، کە وشە ڕێزمانیەکانن(وشە بچوکەکان یان وشە ئەرکیەکان)یشیان پێدەوترێت، دیاریبکەین. وشە ڕێزمانیەکان خاوەنی واتانین‌و هەڵگری واتان، لەبەرئەوە ناتوانن بیرێك بگەیەنن‌و بە وشە ئەرکیەکان یان خزمەتگوزارەکان ناسراون‌و بەکارهێنانیان زۆرە. شێوازی زمانەوانی بە هۆی ئەو ڕێگەیەی، کە مرۆڤەکان وشە ڕێزمانیەکانی تیا بەکاردەهێنێن دەزانرێت. بەکورتی لێرەدا ئەوە دەخەینەڕوو، کە تێبگەین لەوەی کە چۆن خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وشەکان بەکاردەهێنن؟ چۆن ئەم وشانە دەربڕی بنەما کۆمەڵایەتی، کەسێتی، مەعریفی‌و کردە بایەلۆژیەکانن؟ بەپشتبەستن بە ڕێککاری شیکردنەوەی دەقەکان، ئەرکی وشە ڕێزمانیەکان پێچەوانەی وشە سەربەخۆکان(کە هەڵگری بەهاو دابونەریت‌و کلتورو..)ە، بە لێهاتویی و توانا کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەستن، بۆ نمونە بۆ لێکدانەوەی واتای جێناوەکان پێویستمان بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و قسەکەرو گوێگر دەبێت، بۆیە وشە ئەرکیەکان گۆکردنی کۆمەڵایەتیان هەیە.

وشەکان هەر تەنها بیرپێناگوێزینەوە، بەڵکو بیری بەرامبەریشی پێدەخوێنینەوەو هۆکارێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی کەسێتی مرۆڤ‌و لایەنی دەرونییەتی( وشەکان کە لە زماندا بە کاریاندەهێنین پێبزانین یان نا ڕێگەیەکی چاوەڕواننەکراوە بۆ دەربڕینی بیرو بۆچون‌و هەستەکانمان، لەگەڵئەوەی دۆزەرەوەی بڕێکی زۆر لە زانیاری پەیوەست بە کارلێکی کۆمەڵایەتی‌و کەسێتیە. وشە ڕێزمانیەکان، بەتایبەتی هەڵگری کۆمەڵێك واتای سایکۆلۆژی‌و ڕێکخستنی ئاوازەی ئاخاوتنن، لە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکاندا)[28]، وەك(ئەوم خۆشدەوێت، تۆم خۆشناوێت.)،(ئەڵێی بەفر هەر لێرەدا چۆتەوە))، بۆ تێگەیشتن لە واتای(ئەو، تۆ، لێرە) لە نموونەکاندا پێویستمان بە دەوروبەرو بەشداربووانی ئاخاوتن‌وبۆنەی وتن‌و..تاد دەبێت، کە ئەمەش دەچێتە بواری پراگماتیکەوە.

وشە ڕێزمانییەکان لە کردە کۆمەڵایەتیەکاندا چالاکانە ڕۆڵدەگێڕن، وشە ڕێزمانییەکان جڵەوگرتن‌و کۆنترۆڵکردنیان زۆر گرانەو لێکۆڵینەوە لێیان بۆ دۆزینەوەی پرۆسەی کەسێتی‌و کۆمەڵایەتیەکانە، ئەمان پەسنی ئەو ڕایەڵانە دەکەن، کە وشەکان لەگەڵ چالاکی بایەلۆژی‌و دەربڕی کلتورە جیاوازەکان بەیەکەوە پەیوەستن دەکەن، لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی کە کراوە[29] دەرکەوتووە، کە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاك پەیوەستە بە لایەنی ویژدانی‌وسۆزداری نەرێنیەوەو دەریشکەوتووە ئەو خوێندکارانەی، کە بەهەر ڕێژەیەك بێت خەمۆکیان هەیە زیاتر جێناوی کەسی

[28] Pennebaker and Stone/ Peng and Nisbett (2007: 34).

[29] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٢٠٠٧: ٤٦).

یەکەمی تاك بەکاردەهێنن، وەك لەو خوێندکارانەی ئەم گرفتەیان نیە، کاردانەوەش بەرامبەر بە فشارە کۆمەڵایەتیەکان، لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاکدا ئاماژەو سروشی گرنگیدان بە خودو بایەخپێدانی دەداتێ، لە کاتێکدا جێناوەکانی تر بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ ئەوەدەگەیەنن، کە قسەکەر بایەخبەندیو گرنگی بە ئەوانی تر دەدات نەك خودی خۆی، ئەمەش پەیکاڵی ڕیتمە کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێنانی کەمی جێناوی کەسی یەکەمی تاك، بۆ بایەخدانو سەرنجدانو گرنگیدانە بەخود، بەڵام بە زۆری بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ خەمۆکی، بە کورتی جێناوەکان نیشانەیەکی بەهێزی لایەنداری نیشاندەدەنو بە گشتی وشە ڕێزمانییەکان(جێناو، ئارتیکڵ، لاگر..تاد) دەربڕی چالاکیە مەعریفیە ناواخنیە/شاراوەکانن.

ئەو نموونانەی سەرەوە بۆ ئەوە خراونەتەڕوو، تەنانەت وشە ئەرکییەکانیش گرنگیو ڕۆڵیان لە گەیاندنی بیر هەیەو بەهۆیەوە دەتوانین لە سروشتی زمان بگەین، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زمانو بیردا هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرو گەشەکردنی پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیە لە زمانو بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانیش پێویستمان بە دەرکەوتنێتی لە کۆمەڵدا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی زمان لە ژیانی تاكو کۆمەڵدا دەیگێڕێتو بەکارهێنانەکانی دەستنیشانبکەین، بۆ ئەمەش دەبێت ئەرکی زمان دیاریبکەین، هالیدای(Halliday ) ئەرکەکانی زمانی دیاریکردووەو بریتین لە[30]:

١.ئەرکی هۆکاری/ئامێریی: زمان دەربڕی پێویستو داواکارییو حەزیی مرۆڤە.کە بە ئەرکی (من ئەوەم دەوێت ناسراوە).

٢. ئەرکی ڕێکخەری: بەهۆی زمانەوە دەتوانین تەحەکوم بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانی تردا بکەین، بە ئەرکی (ئەوە بکە، بڕۆ ..)دانراوە. واتە زمان کردەشە وەك کردەیی قسەیی( دادگا بڕیاری دا تاوانبارەکە لە سێدارە بدرێت، پەیمانپێدان..) یان ئەو نوسینانەی هاتووچۆ.

٣.ئەرکی کارلێکەری: لێرەدا زمان وەك کرۆکی کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێتو بە ئەرکی( ئەرکی من، ئەرك تۆ) دیاریکراوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژیتو ئەم ڕێککاریە بەهۆی زمانەوە دەکرێت، زمان ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی تێکەڵاوبوونو کارلێکی کۆمەڵایەتییەو بە پێچەوانەشەوە، ئەمەیش بەهۆی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، وەك(سڵاوکردن، ڕێزنواندن، ڕوخسەتوەرگرتن...تاد).

٤.ئەرکی کەسیی: مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، جگە لە دەربڕینی هەستو بیرو خولیاو حەزوخەمو...تاد، دەتوانێت کەسێتیو ناسنامەو تێفکرینو...دەربڕێت..

---

[30] M.Haliday(1999: 31). & جمعة سيد يوسف( ١٩٩٠: ٢٢ ).

٥.ئەركی دۆزینەوەیی: مرۆڤ بەهۆی بەكارهێنانی زمانەوە دەتوانێت لە ژینگەودەوروبەرو ژیانو..تاد، تێبگاتو زانیاری دەستبخات.

٦.ئەركی ئەندێشەگەریی: هۆكارێكە دەتوانین بەهۆیەوە لە جەنجاڵی ژیانو بێئومێدیو چەرمەسەریی‌و تەنگژەكانی واقیع پەنای بۆ بەرین ودەربازبین لێی، یان حاڵەتی هەڵچون كە بەهۆی چەند دەربڕاووشەیەكەوەو كاریگەریەكانی دەتوانین بچینەوە دۆخی جارانمان.

٧.ئەركی هێمایی: ئەمە زۆر گرنگە بۆ تۆماركردنو پاراستنو گەیاندنی دینوئەدەبوكلتورو نەریتو بەهاو میرات، كە بە زارەكی بنیاتیدەنێنولە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر بە هێما دانان، كە نوسینە دەیپارێزین.

٨.ئەركی ڕاگەیاندنی(بە ئەركی ئاڕاستەكاریو كاریگەریوبڕوادروستكردن ناسراوە): واتە تەنها گەیاندنو تاوتوێكردنی زانیاری لە نێوان تاكەكانو نەوەكاندا لە لایەكو لەلایەكی تریشەوە گەیاندنێتی بە جیهانی دەرەوە ناگرێتەوە، بەڵكو یەكەكانی زمان بڕواو متمانە..دروستدەكەن. لەمەشەوە ئەركێكی تری گرنگ بۆ زمان دیاریكرا.

٩. ئەركی قایلكردن: كە ئاڕاستەكاریو بڕوادروستكردنو ڕێنوێنیكردنی وەرگرە، ئەم ئەركە زۆر گرنگە بۆ دروستكردنی ڕای گشتیو پەیوەندیگرتنی جەماوەریو كۆنترۆلكردنی كۆمەڵایەتی لە ڕێی زمانەوە.

ئەنجامی ئەم بەشە ئەوەیە، كە هێما/زانیاریی زمانیەكان >>وشە<<بنەڕەتی پەیوەستكردنی جیهانی دەرەوەن، بە جیهانی ناوەوەو بەپێچەوانەشەوە، هەرئەمانن دەربڕو پارێزەری ڕاستیو ڕاستەقینەی خودی مرۆڤو ژیانودنیابینیو بەهاو كلتورو ...(گەڕان بە دوای ڕاستیدا لە ڕێگەی ئامڕازێكی وەك زمانەوە نەبێت ناكرێ)[٣١]، ئەم شیكردنەوانە بۆ ڕونكردنەوەو پەسنكردنی ئەركی كرۆكیی زمانە، كە بەیانكردنی بیرە، ئەم بەیانكردنەش دوو مەرج لەخۆدەگرێت:

١.كۆكبوونی كۆمەڵایەتی: زمان گەنجینەو كۆكەرەوەو هەڵگرو دەربڕی هەموو لایەنەكانی تاكو كۆمەڵە، زمان دەفرێكە ژیانو كەتەلۆگی ژیانی تێدایە، لەم كەتەلۆگەدا بەپێی بنەما كلتورییەكان پێوەر دانراوە، كە بەهاكانن، ئەمەش یاسای كۆكبوونو ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتی خولقاندووە. (زمان دیاردەیەكی ژیانی كۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بەتاكەكانەوە، دەكەوێتە ژێر كاریگەری پێوەرەكانی وەك كۆمەڵ، دابونەریت، شارستانیەت، عورف، لەهەمان كاتیشدا ڕێگەیەكە بۆ دۆزینەوەی دابونەریتی كۆمەڵوئاستی ڕۆشنبیریو مەعریفیو شارستانیەت...تاد، زمان ئەو بوارەیە كە

---

[٣١] ژان پۆل سارتەر(٢٠٠٩: ٤٧).

دەتوانین بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوی شارستانیەتی مرۆڤایەتیو دواتریش پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی تیادا بدۆزینەوە)[٣٢].

ب. هاوسەنگکاری مێشکیی: کاتێك مێشك لە هەستەوە تێکردە زانیارییەکان وەردەگرێت، ئاگایانە یان نائاگایانە بەپێی ئەو فلتەرانەی کۆمەڵ بۆیداناوە، لە نەستدا بە پرۆسەو چالاکیە ئاوەزییەکان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بیرەکان، کە بەهۆی هێما زمانییەکانەوە وەرگیراون، لەسەر بنەمای کۆکبوونی کۆمەڵایەتی دەپاڵێوێت، ئەوەی گرنگە لە کارکردنی زمان لە پەرەپێدانی مرۆڤدا ئەوەیە، کە تەنها بەهۆی زمانەوە دەچینە لایەنی نەستی مرۆڤەوە، کە لە وێدا تاووتوێیو چارەسەرو بڕیاردانو..ی زانیارییەکان، کە پێکهێنەری بیرەکانە دەکرێتو لە ئاکامیشدا گوفتارورەفتارەکان دەرکردەو بەرهەمی ئەم پرۆسانە دەبن.

لەم شیکردنەوانەوەدا دەتوانین وێنایەك بۆ دروستەی بیر بنەخشێنین، بەوەی هێماو پەیام کە دروستەی زانیاریی پێکدەهێننو ئەمیش دەبێتە پێکهێنەری یەکەیەك لەخۆی گەورەتر کە کۆزانیارییە، کۆزانیاریش بنیاتنەری چەمکە، بە نواندنی ئاوەزیی چەمکەکانیش لە مێشکدا بیر دێتەکایەوە، بە گەلاڵە بوونی بیریش لە ئاوەزدا خودێتی لە ناوەوەو ناخی مرۆڤدا بەرهەمدێت( دنیابینی، بەهاو پێوەر، ئەزموون،...)، بە واتایەکی تر ئەو ناوەرۆکی چەمکانە، کە (بەهۆی زانیاریی هەستییو ئەزموونیو درککردنەوە) کاتێك  لە لایەن وەرگرەوە وەردەگیرێن، لە ئەنجامی ئەو کارلێکانەی لە نەستدا بەسەریدا دێت دەرکردەیەکی نوێ لە ناخدا بەرهەمدێت، کە بەتایبەتی خودیی دیاریکراوەو لە کەمترین باریدا بەسەر ڕوخسارەوە دەردەکەوێت(ڕەنگو ڕوو، جلو بەرگ، دانیشتنو شێوازی ئاخاوتن...). مرۆڤ یان وردتر بڵێین خود هەبوویەکی کۆمەڵایەتیەو ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە بوونی(غەریزە، پێویستی، هەژموونگەرێتی) لە مرۆڤدایەو وایلێدەکات، نەتوانێت بە تەنیا هەڵبکاتو پێویستی بە پەیوەندیگرتنو کۆمەڵایەتیبوونو سەلماندنی خودو.. هەیە، بۆ ئەمەش لەم کارلێکە کۆمەڵایەتیەدا دەبێت خودێتی خۆی نمایشو پێشکەشبکات، کارایی مرۆڤ دەکەوێتە سەر جۆرو میکانیزمی چۆنێتی ئەو دەرخستنەو نواندنە بۆی، بە ئاڵوگۆڕکردنی ئەو زانیارییانە ڕەفتاری تاکەکەسی دروستدەبێت، واتە لە تاکێتیەوە(فەردیەت) ڕەفتاری تاکەکەسی بەرهەمدێت، کە ژینگەی کۆمەڵایەتی وایلێدەکات ئەم بەشداربوونەی هەبێت. دەرفەتی هاتنە ناوکۆمەڵگا لە ڕەفتاری تاکەکەسیەوەیەو و کومەڵگاش دەرگای لێدەکاتەوەو تاکەکەسەکەش ئەدای خۆیدەکات. چەند کەسێکی تر کە ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکەنەوە، یان کاریگەری ئەم ڕەفتارە دەخوازێت لاسایی بکرێتەوە، ئەمە وا دەکات ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە. ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش بە جێبەجێکردنی لەلایەن چەند کەسێکەوە حاڵەتی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت، بە پیادەکردنی ئەو حاڵەتە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە دیاردەی کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە، دیاردەی کۆمەڵایەتیش بە پێڕەوبەندکردنو سنوردارکردنی، بەپێی دابونەریتو ئاینو  ئایدۆلۆژیاو ئەدەبو ئەفسانەوئەندێشەی خەڵك بەهای کۆمەڵایەتی دێنێتەکایەوە. ئیدی ئەو کۆمەڵە ئەو

[٣٢] عبد القادر عبد الجليل(٢٠١١: ٦٧).

بەهایەیان بەلاوە ئاسایی و سروشتیەو پیادەیدەکەن. کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئەم بەهایانە پێوەری نوێ دادەنێت و ئەم پێوەرانەش لەبەرئەوەی تاکەکەسین پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێن، بە واتا بە لێکدان و ڕێککردنی بەهاو پێوەر یاسا دێتەئاراوە، هەموو ئەمانە بنەماکانی بابەتی پەرەپێدانی مرۆیی پێکدەهێنن، کە بنەڕەتەکەی ئەو بیرە دەیخولقێنێت، کە بەهۆی زمانەوە وەردەگیرێن.

## بەشی دووەم: زمان و پەرەپێدانی مرۆیی

### ١/٢)پەرەپێدانی مرۆیی، مەبەست و لێکدانەوە

پەرەپێدانی مرۆیی، بە زانستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، زانستی بەرنامەڕێژیی عەقڵ، زانستی ئەندازیاریی سەرکەوتن، باسکراوەوبریتیە لە ڕێبەری بەکارهێنانی عەقڵ، یان پڕۆگرامی کارپێکردنی/بەگەڕخستنی عەقڵی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە، ئەم زانستە بریتیە لە کۆمەڵێك گریمانەو بنەما، کە یارمەتی پەرەپێدان وگەشەپێدانی خود دەدات، پەیوەست بە مامەڵکردنی زمان لەگەڵ ئەم بابەتەدا، زانستێکی تر هاتۆتە ئاراوە، کە بە پڕۆگرامی زانستی زمانی دەماریی* ( Neuro) Linguistic Programming ناسراوەوئەم زانستە بەشێکە لە زانستی پەرەپێدانی مرۆیی، بریتیە لە( لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتنی مرۆیی، ئەو هێزو توانای تێکۆشانەیە، کە خۆت زیاترو زیاتر دەیخەیتەگەڕ.. ئەو ڕێگا پراکتیکیەیە کارایەیە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی کەسێتی.. بریتیە لە تەکنەلۆژیای داهێنانی نوێ)[٣٣] و لە پەیوەستکردنی ئەم سێ زانستەی تر پێکهاتووە[٣٤]:

ا. پڕۆگرام/ بەرنامەڕێژی: ئاماژە بە ڕێگای ڕێکخستنی بیروڕەفتارەکان، بەهۆی ژیریی و زمانەوە دەکات، ئەم دوانە ئاڕاستەکەری بیرەکانمانن، ڕێگای سەرلەنوێ داڕشتنەوەو بنیاتنانەوەو پێکهێنانەوەی جیهانی دەرەوەیە، لە ئاوەزی مرۆڤدا، واتە بە پڕۆگرامکردنی مێشکی مرۆڤە.

ب. زانستی زمان: توانای سروشتیی، لە بەکارهێنانی:ا. زمانی دەربڕاوە(ئاخاوتن)(لێرەدا مەبەست پێی چۆن وشەو دەربڕاوەکان ئاوێزاندەکرێن، یان دەشکێنرێنەوە بۆ وشەی ئاوەزیی و کاریگەریی دروستدەکەن)، ب. زمانی نازارەکی(جەستە) دەگرێتەوەو هۆکاری مامەڵەکردن و کارپێکردنی ئەم زانستەیە، بە واتایەکی تر ئاماژە بە کارایی و هێزی ئاخاوتن و زمانی جەستە دەکات، کە لە پێڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتندا بەکاریاندەهێنین.

---

* سەرەتای ئەم زانست بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، کە هەردوو زانا (ریچارد باندلر) زمانەوانبووەو (جون گرایندر) زانای ماتماتیك بووە، لە دوای ئەمانیشەوە پەرە بەم بابەتە دراوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(ئیبراهیم فەقێ:٢٠٠٩، ٢٠١٣).

[٣٣] ئیبراهیم فەقێ(٢٠٠٩: ٣٠).

٣٤ ابراهیم فقی(٢٠٠٧: ٨٧).

پ.کۆئەندامی دەمار: دەستبەسەر ئەرکەکانی لەش‌وچالاکیەکانیدا دەگرێت، وەك زمان، ئاخاوتن، بیرکردنەوە، تێگەیشتن، هەستکردن، ڕەفتار..تاد، ئەم زانستە مەبەستێتی هاوکێشەی پەیوەندی (زمان–بیر–ڕەفتار) شیکاربکات، بە فەراهامکردن‌و قۆرخکردنی توانستی ژیری‌و زمانیەکان، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری شیاو لە بیرو سۆزو ڕەفتاردا بەمەستی گەیشتن بە ئامانجەکان‌و لە پەیوەندی نێوان شێوازی بیرکردنەوە(دەمارزانی)وڕێگەی پەیوەندیگرتن، بە زارەکی یان نازارەکی(زانستی زمان)و لەگەڵ شێوەی ڕەفتارو هەڵچونەکانمان(بەرنامەڕێژی) دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە لەلایەك ئامڕازو کەرەستەوتەکنیکی ناسینی جیهانی ناوەوەی مرۆڤو چۆنێتی بیرکردنەوەو دۆزینەوەی تواناولێهاتوییە شاراوەکانی‌وگۆڕانە ڕەفتاریی‌و هەستیەکانیی..تاد پێدەبەخشێت‌و، لەلایەکی ترەوە کەرەستەوئامڕازی چۆنێتی هێنانەکایەی گۆڕانی ئەرێیانە، لە هەڵوێست‌و بیرکردنەوەو ڕەفتاری مرۆڤانەماندا بۆ فەراهەمدێنێت، بەم ستراتیژی کارکردنەی ئەم زانستە، زمان ڕۆڵێکی بنچینەیی‌و سەرەکیی دەگێڕێت، لە پەیوەستکردنی بیر بە زانستی پەرەپێدانی مرۆییەوە، کە خودی پەرەپێدانی مرۆیی، لەسەر بنەمای تێکردەکان، کە کاریگەریان لە سەر دروستکردنی یان گۆڕانی بیرەنوێیەکان لە ئاوەزدا هەیە، بنیاتنراوە. بەگشتی پەیوەندی زمان بە پەرەپێدانی مرۆییەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی:

١. پەرەپێدانی مرۆیی دەوەستێتە سەر بیر، بیریش کرۆکی زمانی پێکهێناوە، کەواتە بەلەجیاتی دانان زمان کرۆکی پەرەپێدانی مرۆییە.
٢. پڕۆسەی بیرکردنەوەو بیر وروژاندن‌و پرسیارکردن‌و گوماندروستکردن، ئەمانە هەموو بە زمان دەکرێن‌و کەرەستەو بابەتی لێکۆڵینەوەیان هەر تەنها زمانە، ئەمانەش بنەڕەتی زانستی پەرەپێدانی مرۆیی پێکدەهێنن، لەبەرئەوە زمان‌و پەرەپێدانی مرۆیی وابەستەی یەکتن‌و تەواوکاری یەکترن.
٣. پەرەپێدانی مرۆیی دەوەستێتە سەر کۆمەڵگایەکی مەعریفی(عەقڵ تیایدا سەرەکیەو عەقڵانی بوونی لێدەکەوێتەوە)، زمان ئەرکی تەوەرەیی لە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی مەعریفیدا دەبینێت لەبەر سێ هۆکار:
ا. ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری‌وگواستنەوەی مەعریفە، لە نێوان خودی تاك، لەگەڵ خۆی‌و تاکەکانی کۆمەڵدا بەهۆی زمانەوە دەبێت. وەڵامی ئەو پرسانەی وەك، پەیوەندی زمان بە مەعریفەوە چیە؟ ئایا خودی زمان لە پەرەپێدانی مەعریفەدا ڕۆڵدەگێڕێت؟ پەرەپێدانی مەعریفەو زمان، تا چ ئاستێك کارلێکدەکەن؟ وەك لە فێربوونی زیاتر لە زمانێك لای منداڵ، تاوتوێدەکرێن، بەوەی پەرەپێدانی بواری مەعریفەو فێربوون، بە گرنگترین و سەرەکیترین بواری پەرەپێدانی مرۆیی دادەنرێن. زمان ئامڕازی جێگیرکردن‌و چەسپاندنی مەعریفەیەو زمان بەو مەعریفەیە دەپێورێت، کە هەڵیگرتووە یان دەیگوێزێتەوە یان دەیچەسپێنێت‌و جێگیریدەکات. جێگیرکردنی مەعریفە بەهۆی زمانەوە کاتێك دەبێت، کە فێربوونی زمان‌و پێڕەوو پڕۆگرامی خوێندن ڕەنگدەرەوەی ئاستی زانستی‌و مەعریفی سەردەم بێت‌و پەیکاڵی دنیابینی‌و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە بێت‌و هەڵگری بیرە ئەرێنیەکان بن. کەناڵەکانی تریش، کە کاریگەرییان لە پەروەردەکردنی تاکی دروستدا هەیە

وەك(خێزان، پرۆگرامی خوێندن، میدیاكان) دەبێت زمانی بەكارهێنانیان تەواوكارانە ڕۆڵی، لە چەسپاندنی مەعریفەدا هەبێت، بەوەی[٣٥]:

یەكەم: هەندێك لە لێكۆڵینەوەكان پێشنیازیانكردووە، كە خودی وشەكان دەتوانن ڕێنمویكاربن وەك بانگهێشتكردنێك بۆ پێكهێنانی پۆلەڕەگەزەكان بۆ بە خودكردنی جۆری بابەتەكان.

دووەم: زمان دەتوانێت كاریگەری لەسەر مەعریفە هەبێت، وەك سەرچاوەیەكی نواندنو بەرجەستەكردنی مەعریفە بێت، واتە زمان بەرجەستەكەری مەعریفەیە یاخود وێنای مەعریفەمان بۆ دەنەخشێنێت. بوونی وشەیەك یان فرێزێك بۆ بابەتێك، كردەیەك یان پەیوەندییەك دەتوانێت سەرنجت بۆ خاڵە لەیەكچووەكانی نێوان پۆلەڕەگەزی مەعریفە ڕابكێشێت، بە پێی بوارەكانی وەك (چەمكی كارا) بەپێی جۆری كردەكان، بەمەش زمان دەتوانێت ڕێگە بدات، بە ژمارەیەكی بەر فراوانتر لە بیری ئاڵۆز بە پێڕەوەی ئەنەلۆژی بەرهەمبهێنرێت.

سێیەم: زمان ڕێگەی دەربڕینی ڕونو ڕاشكاوانە، لە گۆشەنیگای جیاجیاوە بەرامبەر هەمان ڕوداو پێشكەشی ئەوانی تر دەكات، واتە ئەوانی تر دەتوانن بەهۆی زمانەوە ڕاشكاوانە دەربارەی یەك ڕوداو لە دیدگەی جیاوازە بدوێن. ئاخێوەران دەتوانن كردەیەك پێشكەشبكەن لە دیدگایەكی كاراوە، وەك(كوڕەكە دەرگاكەی كردەوە)، كارتێكراو(دەرگاكە كرایەوە)، یان كارتێكراو بەبێ دیاریكردنی كاراكەی (دەرگاكە دەكرێتەوە). ئاخێوەران دەتوانن هەمان ئاماژە/سەرچاوە بە ڕێگەی جۆراوجۆر دیاریبكەن(وەك سەگ، ئاژەڵی بەوەفا، ئاژەڵی پاس،..)، بەپشتبەستن بەو پێشینەو بۆچونەی بۆ هەر بۆنەیەك هەڵبژێردراوە، كە ئەمە لە فراوانی وشە فەرهەنگیەكانی زماندا دەبینرێتەوە.

پێویستە گرنگیو پەرە بەزمانو بەكارهێنانەكانی، لە بوارەكانی فێركردنو كارگێڕیو بەڕێوەبردنو توێژینەوەی زانستیدا بدرێت، چونكە هۆكارێكی كاراو كاریگەری گواستنەوەی زانیاریو مەعریفەنو بەمە دەتوانین بناغەی بنەڕەتی پەرەپێدانی مرۆییو كۆمەڵی مەعریفی دابنێین، لەبەرئەوەی زمان هەڵگری هەموو چەمكە مەعریفیەكانو زانینە مرۆییەكانە، بۆ پەیوەندی زمان لە گواستنەوەی مەعریفەو ئیستیعابكردنیدا جەختكراوەتە سەر گرنگی، بە زمانی دایكو پەروەردەوفێركردنو خوێندنی باڵاو زمانی ڕاگەیاندنو كاری تەواوكارانەیان، كە بە كلیلی گۆڕانی ڕۆشنبیریوكلتوری دانراوە، جگە لە پتەوكردنی لایەنی نەتەوایەتیو گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی، ئەمانە پێداویستیە بنەڕەتیەكانی پەرەپێدانو بە كەرەستەكانی برەودان بە بیركردنەوەو لێهاتوویە ئاوەزییەكانو بەهرەی داهێنەرانە دیاریكراون، ئەمە جگە لەوەرگرتنی مەعریفە، بۆیە دەبێت تاكەكانی كۆمەڵ بیركردنەوەی ڕەخنەگرانەوداهێنەرانە بە زمانی زگماكیی فێربكرێن، پێڕەوی زمان لە ڕێی پرۆسەی بیركردنەوە بەرجەستە دەكرێت، زمان بە واتا گەیاندنی بیر، پرۆسەی بیركردنەوەش بێ زمان تەواوكاریانە تەواو نابێت، بەمە زمان ڕۆڵێكی دیار دەبینێت لە دوانەكەوتنمان لەگەڵ سەردەمەكەمانداو گەیشتن بە سەردەمی زانیارییەكانو بەكارهێنانی

---

[٣٥] عبد القادر الفاسی الفهری(٢٠٠٥: ١٦).

تەکنیکەکانی و بڵاوکردنەوەیان، چونکە زمان بە هۆکارێکی بەرهەمهێنانی مەعریفە دانراوەو لەوەش زیاتر بە سەنتەری مەعریفە دادەنرێت. بەگشتی و بەکورتی لە پەیوەندی زمان و مەعریفەدا ئەمانەخراونەتەڕوو[٣٦] :

١. زمان بە نیشتمان وژێنگەی مەعریفە دانراوە.

٢. زمان ئامرازی بەرهەمهێنانی مەعریفەو بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانێتی.

٣. زمان بابەتی سەرەکی پەرەپێدانی مرۆییە، بنەمایەکی بنەڕەتی کلتورو ڕۆشنبیرییە.

٤. مەعریفە لە چوارچێوەی پێڕەوی زمان ودواتر لەناو کۆمەڵدا گەشەدەکات و هەستەوەرەکان، بە دەروازەکانی مەعریفە بۆ ژیریی دانراون.

ب. لە پرۆسەی فێرکردن و ڕاهێناندا، ئەوانەی زانیاری و مەعریفە بە تاکەکان دەدەن و وایانلێدەکەن، کە ئەو زانیاریانە بکەنە ڕەفتارو بەرهەم و خزمەتگوزاریی، کە پێویستی بە هۆکاری دواندن هەیە، ئەویش بریتیە لە زمان. فێرکردن پرۆسەی گواستنەوەو وەرگرتنی زانیاری و بەها ولێهاتوویی و...تاد، کە بە ئاشنابوون و ڕاهێنان وئینجا فێرکردن، کە دواجار گۆڕانیی ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە بە ئاکامدەگەیەنرێت. ئەوبوارەی چەمکی توانست و توانای تیادا فەراهەمبێت گۆڕینی ڕەفتارە، کە لە ئەنجامی وەرگرتنی کۆزانیاریی و پرۆسەی فێربوونەوە دەبێت، (بۆیە یەکێك لەپێناسەکانی فێربوون، گۆڕینی ڕەفتارە ڕەفتاریش ئامرازێکە بۆ ئاماژەکردن بەو پرۆسە مەعریفی و هەڵچونانەی لە ناوەوەی تاکدا ڕودەدەن)[٣٧] ، ئەفلاتون دەڵێت:(ئەو ئاراستەیەی لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا دیاریدەکرێت و دەگیرێتەبەر، هەر ئەو وێنای ئایندەو داهاتوی ژیانی دەنەخشێنێت)[٣٨]، لە پرۆسەی فێرکردندا دەبێت بەهاکان بچێنرێن و لەگەڵ زیادکردنی کۆزانیندا پەرە بە ژیریی بدرێت. بەهاکان(ئەو سیستەم و یاساو ڕێسایانەی چۆنێتی پەیوەندیکردن و مامەڵکردنی مرۆڤ، لەگەڵ دەوروبەریدا،گەردون، ئاژەڵ.. دیاریدەکات، بە بەهاکان ناوبراون)[39] و پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دروست، تەنانەت ئەو پێوەرەیە کە پێودانگی کارو ڕەفتاری پێدەکەین و ڕۆڵێکی گرنگ بە یەکگرتوویی کۆمەڵ و دروستی تاکەکانی دەدەن و بەشداریکەری سەرەکی دروستکردنی کەسێتی تاکن. بەها کرۆکی پرۆسەی پەروەردەکردنە، بەها پاڵپشتیکی بنەڕەتییە، کە پەرەپێدانی کۆمەڵی پێوەبەندە، زانایانی دەروونناسی لاوازیی پەیوەستبوون بە پایەڵەکانی بەهاوە لە زۆرێك لە کۆمەڵکاندا بەهۆکاریی بڵاوبونەوەی نەخۆشیی دەرونیی و عەقڵییەکان دەزانن، بۆیە پێویستە یەکە زمانیەکان هەڵگریی ناواخنە ڕەوشتییەکان(بەها، بنەما ، دابونەرێت..) و کۆزانین و..تاد، بن.

پ. کاری هاوبەش لە نێوان دامەزراوە بەرهەمهێنەکانی، وەك کێڵگەو کارگەو ...تاد، پێویستیان بە هۆکارێکە بۆ فەراهامکردنی تێگەیشتنی هاوبەش ئەویش زمانە.

---

٣٦ عبد القادر الفاسی الفهری(٢٠٠٥: ٢١).

٣٧ ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٦٤).

٣٨ ئیبراهیم فەقێ(٢٠١٣: ٣٣).

39 Derek Bickerton(1995:63).

بە گشتی ئەم زانستە دوو ڕەهەند پێکیدەهێنن، یەکەمیان مرۆڤسازییە(پەروەردەکردنو بنیاتنانی دەرونێکی تەندروست و ئاوەزێکی گەشەسەندووە لە ناخی تاکدا)، دووەمیان ژیانسازییە(ڕێککاریو ڕێکخستنی شیاوانەی پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا).

## ٢/٢) زمانو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی مرۆیی:

پەیوەندیکردنی خودیی، جۆرێکە لە جۆرەکانی پرۆسەی پەیوەندیی-لەیەکگەیشتن، پەرەپێدانی پەیوەندیکردن بە لایەنی دەرونیی خودەوە، بەواتە پەرەپێدان بە چۆنێتی پەیوەندیکردن بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤو متمانەبەخۆبوونو ناسینی تواناولێهاتووییە شاراوەو ناواخنیەکانو بەکارهێنانی هێزی ناوەکی لە بڕیاردانو چارەسەرکردنی کێشەو پلاندانانو..بەرهەمهێنانی بیری نوێ، تا کەسێکی دەرون جێگیرو دور لە ڕاڕایو دوودڵیو نائارامیی..، کە دواجاریش ڕەفتارەکان لەمانە دەکەونەوە، بێتەکایەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا، لەسەر بنەمای بەگەڕخستنی توانا شاراوەکان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان..تاد، هەمووئەمانە چەمکی پەرەپێدانی خودیی(مرۆڤسازیی) پێکدەهێنن، کە بەخۆ دواندن یان پرۆسەی پەیوەندی لەیەکگەیشتنی خودیی پێناسەکراوە(مانای پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە ئەوەیە، کە لە ناوەوەی کەسایەتی مرۆییدا ڕوودەدات، یان ڕێگەی پەیوەندیکردنە بە خۆمانەوە، جا ئیتر ئەو پەیوەندیکردنە بە بیرکردنەوە بێت ئەمەش بە ڕاستی ئەو جیهانە ناوخۆییەیە، کە بۆ یەکەمین جار هەموو شتێکی تیاداڕوودەدات پێش ئەوەی لە جیهانی دەرەکیدا بە تەواوی دەربکەوێت)[٤٠]، یان(پرۆسەی پێکگەیشتنی خودیی، لێیەوە مرۆڤ بەهۆی ناوەندێکی ئەلکترۆکیمیکیەوە پەیوەندی بە هزری خۆیەوە کردووەو باری چەسپاوی جەستەی خۆیی لە ڕێی ئەو پێوەرو وەڵامانەی لە ڕێی هزری خۆیەوە وەریگرتوونەتەوە خستۆتە باری داینامیکیەتێکی وەهاوە کە بە ڕونی هەبونی کاریگەرییەکانی بەسەرەوە دەربکەوێت)[٤١]، هەموو یەکێك لە هەر چرکە ساتێکی ژیانیدا بێت، ئەم پرۆسەی پەیوەندیگرتنی خودیە جێبەجێدەکات، کە ئەمە بە گرنگترین پێوەری ئاسودەیی دەرونییو سەرکەوتویی مرۆڤ دانراوە، لەبەرئەوەی پرۆسەکانی بیرکردنەوەو پرسیارکردن لە خودو بەدواداچونو لێپرسینەوەیان بۆ خۆیان زوو زوو دەبێتو بەمەش کەمتر هەڵە دەکەنو ئاسودەتر دەبن، بە گشتی چەشنەکانی پەیوەندیکردنی خودیی بریتین لە[٤٢]:

أ. ئاگایی: لە کاتی هۆشیاریدا ڕوودەدات ئەو کاتەی مرۆڤ بە ویستی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆیو ئەمانە لەخۆ دەگرێت(بیرکردنەوە، خەیاڵکردن،پەیوەندی ڕۆحی).

ب. بێئاگایی(نەست): ئەو چەشنە پەیوەندیکردنەیە بە خود، کە بێ ویستی کەسەکە یا لە نەستدا ڕوودەدات، وەك(خەوبینین، خەیاڵبردنەوە).

---

[٤٠] ئیبراهیم فەقێ(٢٠٠٩: ٦١).

[٤١] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین(٢٠٠٢: ٧٧).

[٤٢] شیلان عوسمان(٢٠٠٩: ٣٢).

کەرەستە زمانیەکان کرۆکی ئەم پەیوەندیگرتنە پێکدەهێنێن، کاتێك ئێمە لەگەڵ خۆمان دەدوێین تاووتویٚوچەندوچۆنی بابەتەکان دەکەین هەر لەڕێی زمانەوەیە ئەو زمانەش، بە زمانی ناوەکیی دیاریکراوە. پێڕەوی بیریی زمان بەهۆی پێڕەویی دروستەیی زمان، کە وشەکانو دروستەو شێوازی دەربڕین..تاد، دەینوێنن، وشەکانیش ناواخنی تۆڕ ئاسایان هەیەو توانای یەکگرتنو پەیوەستبوونیان بە وشە یان بیرو چەمکی ترەوە هەیە، بە واتا فەرهەنگ کە گەنجی وشەکانەو لەوێدا هەموو زانیارییەکان تۆمارکراون، بە واتایەکی تر زانیاریی ناوەرۆکی چەمكو بیرەکانە، کەلەواتای وشەوە بەرهەمدێت، لە گەنجی وشەدان لێرەدا جگە لەلایەنی ڕێزمانیی لایەنەکانی(دنیابینی، کلتور، ژیربیژی، ...تاد) لەخۆگرتووە، وشەکان بەهۆی ئەو واتایەی یان بیرەی، کە هەڵیانگرتووە ڕەفتاری تاکەکەسی، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بەهای کلتوریی و کۆمەڵایەتی، پێوەری کلتوریو کۆمەڵایەتی بە وەرگر ئاشنادەکەن، ڕایدەهێنن و فێریدەکەن. لەبەرئەوەیە مرۆڤ ئەوە دەکات کە فێریبووە، وەك ئەوەی منداڵ هەمان ڕفتار دووبارەدەکاتەوە، کە لە گەورەکانەوە وەریگرتوون.

لە پێشەوە ئەوە خرایەڕوو، کە وشەکان بە کلیلی کردنەوەی دەرونی مرۆڤ دانراون، بە تایبەت وشەکانی وەك(تکایە، فەرموو، بەڕێز، جەناب، ئازیز، گیان...)، کە لەپێش هەر دەربڕاوو ئاخاوتنێکەوە بەکاریبهێنین، ئەوا سەرنجی بەرامبەر بۆ خۆمان ڕادەکێشین و دەرونی ئامادەباش دەکەین، بۆ وەرگرتنی پەیامو بیرەکان، بۆ ئەوەی لە ڕێی هێزی زمانەوە کاریگەریی دروستبکەین و بیری نویٚ، لە ئاوەزی بەرامبەردا بڕوێنین، یان گۆڕانکاری بەسەردا بهێنین ، دەبێت وا لەخۆمان یان کەسانی تر بکەین، کە بیربکەنەوە( زمان وزەو هێزێکی کاریگەرە، چالاکیی و خستنەکارە، فۆرمی ناوەوەی ئەو هێزە جۆری بیرو شێوەی بیرکردنەوە دادەڕێژێت و دەنوێنێت)[٤٣] ، بیرکردنەوە بە تێرامان و تێفکرین، ڕاوبۆچون، پلان، پێڕەو، کرۆکی هەر بابەتێك ناسێنراوەو دۆزەرەوەی نەزانراوە لە زانراوەکان، یان کۆی هەموو پرۆسە ئاوەزییەکانە ، کە ژیری مرۆڤ جێبەجێیاندەکات، لەخۆدەگرێت و بە باڵاترین ئەرکی درککردن دانراوە، بەگەڕخستن و بەکاربردنی ئەو کەرەستە خاوەی ناو ئاوەزی مرۆڤ بە پرۆسەی بیرکردنەوە دانراوە، بە واتا بە پرسیارکردن، گومان دروستکردن، سەرنجڕاکێشان، وردبوونەوەودیقەتکردن و تێفکرین دەتوانین بیری وەرگر بوروژێنین و لە هەستیەوە بچینە لایەنی نەستییەوەو کارلە چۆنێتی بیرکردنەوەی بکەین و کاریگەرییەکانی لە ئاخاوتن و هەڵوێست و ڕەفتاریدا هەستپێبکەین، هەموو ئەم پرۆسانە بە زمان دەکرێن و هەر زمانیش دەیانخرۆشێنێت و بەگەڕیاندەخات وئاراستەیاندەکات.

بیر کرۆکی زمانی پێکهێناوە، بە ئاخاوتنکردن لەگەڵ ناخی خۆتدا یان بەرامبەردا بە وەرگرتنی تێکردە بیرییەکان، ئاوەزی مرۆڤ دەستبەجیٚ لەڕێگەی کارلێکی ئاڵۆزیی ئاوەزەوە دەکەوێتە تاوتوێکردن و دەستکاریکردن و گۆڕانکاریهێنان و...تاد، بەسەر بیرەکانداو وەرگێڕانیان، یان بە ئەرێنی(هاندان) یان نەرێنی(ڕێگەگرتن)، ئەمەش بە پرۆسەی بیرکردنەوە پەسنکراوە، لەبەرئەوەیە پێبزانین یان نا بمانەوێت یان نا، ڕۆژانەو بە بەردەوامی لە ئاخاوتنەکانماندا، بە شێوەی مەنەلۆگ(چ لەگەڵ خۆماندا- پەیوەندیکردنی خودیی)، یان بە دیالۆگ(لەگەڵ کەسانی تردا - پرۆسەی پەیوەندیکردنی دوانەیی، یان بەکۆ گەیاندندا بێت) بیر دەنێرین، ئینجا بیری ئەرێنی و گەشبینی یان بیری نەرێنی و ڕەشبینی بێت، بە بەرامبەرەکانمانی دەبەخشین و پەرەپێدانی مرۆیی یان دواکەوتنی مرۆیی وچەقبەستوویی، کە وابەستەی ئەون لێیدەکەوێتەوە، بیری نەرێنی(تەنها کۆمەڵە وشەیەکی ناوەکیە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت، بەڵام ئەوەی

[٤٣] محەمەدی مەحوی(٢٠٠٦: ٦٤).

ترسناکی دەکات دوبارکردنەوەو پاشەکەوتکردنیەتی هەتا دەبێتە نەریت‌و ڕەفتارێك مرۆڤ لە ژیانیدا بەکاریدەهێنێت‌و دەبێتە هۆی کێشەو ئازارگەلێك کۆتایی هاتنیان نیە)[٤٤]، خودی بیرکردنەوە گرنگ‌و پێویستەو مرۆڤ ناتوانێت بێ بیرکردنەوە ژیان بەسەر بەرێت ئەوەش[٤٥]: بۆ مەبەستەکانی: تێگەیشتن،داهێنانکاری، چارەسەری گرفت، بڕیاردانی دروست، پلاندانان، پێشبینیکردن، حوکمدان لەسەر شتەکان، سەلماندنی خود ..ه، کە ئەمانەش هەر مرۆڤێك لە ژیانیدا دەبێت ڕەچاویان بکات، زانایان[٤٦] ئەوەیان خەملاندووە، کە مرۆڤ ڕۆژانە زیاتر لە شەست هەزار بیرۆکە وەردەگرێت، ئەوەی کە پێویستی پێیەتی لە هەموو ئەم بیرۆکانەدا ئاڕاستەیەکە لەسەری بڕوات، ئەو ئاڕاستەیەش کەسەکە خۆی دیاریدەکات. دیاریکردنی ئاڕاستەی بیرەکانیش هەر بەهۆی پێکهاتە زمانیەکانەوە دەکرێت( دروستەی زمان ئاڕاستەکەرو ڕابەری زانیارییەکانەو دروستە زمانییەکانیش لە بنیاتی چەمکیی گەنجی وشەدان)[٤٧]، بۆ نموونە لە (ناپلیۆن)یان پرسی نهێنی سەرکەوتنی تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لە وەڵامدا وتی:"من سێ وشەم لە ژیانی خۆمدا قەدەغەکردووە(ناتوانم، نازانم، نایکەم)، پیادەنەکردنی ئەو بیرانەی لە ناواخنی ئەم وشانەدا هەیەو جێبەجێکردنی پێچەوانەکەی، ئاڕاستەی بیرو تێفکرینیان کردووم‌و کارەکانم لەسەر ئەو بنەمایانە داڕشتووە".

بەرهەمی پرۆسەی بیرکردنەوە بریتیە لە هەڵگرتن‌و کۆکردنەوەو تۆمارکردنی بیرەنوێیەکان، بەکارەکیکردنی یان تێڕامان‌و وردبوونەوە، لە هەر بیرێك‌و دووبارەکردنەوەی ڕێگەیەکن، بۆ چەسپاندنی بیرەکان لە ئاوەزدا، بەواتا بیرەکە لە هەستەوە بەهۆی بە ئەزموونکردن‌و دواتر درککردن بۆ بیرێکی نەستیی بگوازینەوە، کە ئەمەش سەرەتای لەدایکبوونی ڕەفتارە*، بۆ نموونە یەکەمجار بیرەکە بە وەرگر دەڵێین‌و دەیچوێنین بە شتێك، کە جێیبایەخپێدانێتی دواتر بەکارەکیکردنی، وەك ئەوەی منداڵ فێربکەین خۆی نان بخوات(پێیدەڵێن دەم بکاتەوەو کەوچکەکەی بە شەمەندەفەرو دەمیشی بە وێستگەی شەمەندەفەرەکە دەچوێنین)و ئەمە بیرێك لای منداڵ دروستدەکات‌و وێنەیەکی ئاوەزیی بۆ دەنەخشێنێت، کە هەموو نانخواردنێك ئەمە ببێتە یادخەرەوەوو لەهەمانکاتیشدا هاندەرەبۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت لەم پرۆسەیەدا ، یان جل لەبەرکردن (پێی دەڵێین قۆڵت بگرەو بیکە بە بۆکس، ئنجا بیکە بە قۆڵی پۆشاکەکەتدا). ئەم میکانیزم‌و ڕاهێنانە بە دووبارەکردنەوەو جێبەجێکردنی لە ئاوەزدا(یادگە) تاقتدەبێت (خەزندەبێت)و ڕێبەرێتی مرۆڤ دەکەن بۆ بە کارەکیکردنی.

ئامانج لە ڕێککاری هەر چالاکییەك بریتیە، لە بەرهەمهێنانی گیانی دەستپێشخەریکردن‌وداهێنان، کەرەستەی سەرەکی‌و بنەڕەتی داهێنانی ڕەفتاری بریتیە، لە دەستپێشخەری‌وداهێنانی زمانیی. (وشەی شیاووگونجاوو دروست دەتوانێت کاریگەری ئەرێیانەی هەبێت. دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی حەماس‌و پەرۆشی‌و هێزو وزەو گوڕو تینی ئەرێیانە بۆ ژیان. لە کاتێکدا وشە نەشیاو نابەجێکان دەتوانێت ڕاستەخۆ باشترین مەبەست‌و نیازونیەتی باشە کەمبکاتەوە، یان هەر نەیهێڵێت‌و یەکەم

---

[٤٤] ئیبراهیم فەقێ( ٢٠١٣: ١٥٩).

[45] Zaid Ali Alsagoff(2010:11).

[٤٦] وەك(جاك کانفیڵدو مارك فیینسن هانسن) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(ئیبراهیم فەقێ(٢٠١٣: ٢٣٩).

[٤٧] محەمەدی مەحوی(٢٠٠٦: ٧٢).

* بڕوانە بەشی یەکەم.

هەنگاوی خاڵی دەستپێکردن لەباربەرێت)[٤٨]، بۆ نموونە کاتێك مامۆستا، بە خوێندکارەکانی یەکەمی بنەڕەتی، کە یەکەم ڕۆژیانە دێنە خوێندنگە، دەڵێت:"ئێوە پزیشكوئەندازیارو ئەندام پەرلەمانو سەرۆکی وڵاتو بەڕێوەبەرومامۆستاو...تاد، دواڕۆژی ئەم میللەتو نەتەوەیەن، دەرچوونو سەرکەوتنی ئێوە سەرکەوتنی نەتەوەو میللەتو نیشتمانەکەمانە"، هەر یەك لەم وشانە بیرێك، وێنەیەکی هزری، لە ئاوەزی خوێندکارەکاندا دەنەخشێنێت، کە هیوابەخشەو ئومێدو خولیاو ئامانجو حەز لای خوێندکار دروستدەکاتو پاڵنەر دەبێت، بۆ ئەوەی هەوڵی بۆ بداتو بیکاتە واقیع، بە پێچەوانەشەوە دەربڕاوە نەرێنیەکانمان دەبنە مایەی ڕەشبینیو لەکارخستنی بەهرەو لێهاتووییەکانو ئاڕاستەکردنی بیرەکان بەرەو دواکەوتنو شکست، بەراوردی ئەم وشەو دەربڕاوانە، لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەدا بکە (داماوانە هاتوون بۆ خوێندن، نەگبەتانە ئێمە چیمان سەوز کرد تا ئێوەش بیکەن...، بەڵام با پێتان بڵێم سەعی بکەنو نەیکەن هەر دەردەچن، گرنگ ئەوەیە بڕوانامە وەربگرن، نەك شت فێربن..).

کلیلی ڕەفتارەکانمان، گوفتارەکانمانە، نەك بۆ ئێمە خودای مەزنیش ئەم ڕاستیەی بەیانکردووە(بەپێی تەوراتی پیرۆز" لەسەرەتادا قسەی خودا بەرقەراربوو"، بەپێی تەلمۆدێکیش"خودا ڕاستەخۆ جیهانی بەبێ هیچ زەحمەتیو تەقەلایەك بە قسەیەك خولقاند")[٤٩]، ئەمانە بەدەر لە هەر لێکدانەوەیەك ئاماژە بە گرنگییو بەهای زمان، لە خولقاندنو ئەفراندن دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین داهێنانکاری لە ناخی مرۆڤو دەرەوەی بکەین، لە ڕێی گوفتارەکانمانەوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ڕاستیە، با بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو پەیامو بیرو وێنە ئاوەزیانەی، لە مێشکی هەر یەك لەو وەرگرانەی(ا،ب)دا، کە لە ئەنجامی پێگوتنی ئەم دەربڕاوانەوە دەخەینەڕوو و بە لەبەرچاوبگرتنی کاردانەوەکانیان:

ا. بۆ وەرگری یەکەم: تۆ مێشکت لاپتۆپە، هیچ هەڵەیەك قبوڵناکات، ئەگەر هەڵەیەك ڕوبدات ئەوە لە منەوەیە نەك لە تۆ.

ب. بۆ وەرگری دووەم: تۆ مێشك پوچیت، زۆر دەبەنگیت، من هەر بە درۆوە لەگەڵ تۆ خۆم هیلاك دەکەم، مێشکت داخراوەوهیچ وەرناگرێت.

لە(ا) دا، هاندانو متمانە بەخۆبوونو جەختکردنەوە لەسەر ڕادەی ژیرییو نرخاندنیو...تاد، لە ئاوەزی وەرگردا گەشە دەکات، بەڵام لە(ب) دا، ڕەشبینیو متمانە بەخۆنەبوونو سوککردنو هیچ لە باردا نەبوون، تەمەڵیو...تاد، لای ئاوەزی وەرگر لێوە هەڵدەهێنجرێت.

زمان کرۆکی ئەو بابەتە هەستیارەی پێکهێناوەو هەر ئەمیش ڕایەڵەی پەیوەستکردنیانە پێکەوەو، بەهۆی زمانەوە ڕوکارو تایبەتیو سیماو، تەنانەت تاڕادەیەکی زۆر خودی بابەتەکانمان پێدەناسێنێتو ڕونیدەکاتەوە (زمان کاریگەریەکی گەورەی لە سەر تێگەیشتنو درککردنمان بە جیهان هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە زۆرینەی زانیاریەکان، بەهۆی زمانەوە وەردەگرین(بینراو، بیستراو، خوێندراو)، هەروەها گوزارشت لە بیرو هەستونەستو ئەزمونەکانمان بە زمان دەکەین، هەر هەڵەو کەموکورتیەك لە وەرگرتنو بەخشینماندا

---

[48] Robert Kelsey(2012:87).

[٤٩] ه.د.ویدۆوسن(٢٠٠٨: ٥).

هەبێت، ئەوا چۆنێتی درککردنمان بۆ جیهان دیاریدەکات)[٥٠]. زمان توانستو توانای بەرجەستەکەروجێبەجێکاری پرۆسەی بیرکردنەوەو ڕێگاکانی هەڵگرتنی زانیاریو درێژەپێدەرو بلاوکەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیەو هۆکاری بنەڕەتی گواستنەوەی مەعریفەی کلتوریو گەیشتنە بەناواخنی ژیریو ئاوەزی مرۆڤەکان، زمان هاوبەشە لە هەموو ئەو دیاردە پەنامەکییانەی، لە کرۆکی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیدان، وەك: گۆڕانی هەڵوێستو بۆچون، دنیابینیو پەیبردنی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کەسێتی/خودی، چالاکی کۆمەڵایەتی، لایەنداری یان بێلایەنی گروپو ڕێکخراوەکان، یان پشتیگیریکردن..تاد، (گەشەی زمانیی پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنو نرخاندنی گەشەی ژیرییو کۆمەڵایەتیو کردە ئاوەزیەکانو..تاد، لەبەرئەوەی گەشەی لێهاتوویی زمانی تێگەیشتنمان زیاددەکات بۆ پێکهاتەی ژیانی ئاوەزیی مرۆڤ)[٥١]، لەلای زانایانی بواری سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیی، زمان بەو ناوەندە دانراوە، کە دەتوانرێت کاریگەری وەلامدانەوەو کاردانەوەکانی بابەتەکانی تیادا دیاریبکرێت. بەوەی زمان بلاوکەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیە، ڕەگەزەکانی یان کەرەستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش بەشێکی دانەبڕاوی هۆکاری زمانین کە بەکاردەهێنرێن، چونکە بەهۆی بەکارهێنانی ئەرێیانەی زمانەوە پەرەپێدانی خودییو دواتر پەرەپێدانی مرۆیی لێدەکەوێتەوەو ئەمانەش بنەمای پێکهێنانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتین.

بە تەماشاکردنی ڕەفتاری کەسەکان وادانراوە، کە لە پشت هەر ڕەفتارێکەوە نەخشەیەکی ئاوەزی هەیە(بیروباوەڕ)، هەموو مرۆڤێك نەخشەیەکی ئاوەزی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دیاریکەری بیرکردنەوەو هەستو ڕەفتارەکانێتی ئەو کاردانەوەی بۆ ئەو نەخشەیەی، کە لەسەر واقیع هەیەتی دەبێت، نەك لەسەر خودی واقیعەکە خۆی چۆنە، ئەو کەسانەی دیقەتیان هەیە لە بابەتەکانو بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێن نەخشەی ئاوەزیان بە پەسەندتر دادەنرێن لە یەکێکی تر، تەنها بە هۆی زمانەوەیە دەتوانین بچینە ناو ئەو نەخشە ئاوەزییەو گۆڕانی بەسەردا بهێنینوئاڕاستەی بکەین. زمان پارچەیەکە لەبیرو بیریش بزوێنەری مرۆڤە (گوفتارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو خەوو خولیاوهیواو..)، کەواتە پەرەپێدانی خودیی کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی مرۆییو ئەویش لەسەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش کاتێك دیدگەو بۆچونت لەسەر ژیان دەگۆڕێت دنیابینیو تێڕوانینمان دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی عەقڵو جەستە یەك پێڕەون(زمانو جەستە کارگەرییان لەسەر یەك هەیە، ئەوەی بە خۆتی دەڵێیتو بیریلێدەکەیتەوە بەسەر دەربڕینو جوڵەو هەڵسوکوتدا دەشکێتەوە، عەقڵ ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر جەستە هەیە)[٥٢].

لەلایەکی ترەوە بۆ دیاریکردنی ڕەهەندی ژیانسازیی، بە واتا پەرەپێدانی مرۆیی، کە بنەمای پەرەپێدانی کۆمەڵایەتییەو کاریگەریو کارایی زمان تیایدا، پێویستمان بە دیاریکردنی لایەنێکی تریش هەیە، ئەویش ڕوکاری کلتوریو کۆمەڵایەتیە(هۆکاری توێژینەوە لە زمانو بیر بریتیە لە ڕۆڵی کلتور، تایبەتمەندییەکی بێهاوتای کۆمەڵی مرۆیی بەکارهێنانی زمانە، زمان بەشێکی زیندوی کلتوری مرۆییو کەرەستەو ئامێرێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە، کاریگەری بەکارهێنانی زمان لەسەر بیر و ئەو ڕێگەیەی پێیدەدوێین، کاردانەوەی لەسەر کلتورو پێشخانی زانیاری کۆمەڵایەتیمان هەیە)[53]. ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان وەك ئەوەی

[٥٠] محمد التكريتي(٢٠٠٩: ٢٧).

[٥١] ناهیده ڕەحمان(٢٠١٣: ٢٤-٢٥).

[٥٢] ئیبراهیم فەقێ(٢٠١٣: ٥٣).

[53] *Nick Lund (2003: 9).*

پێناس‌و دیاریكەری هەموو میللەت‌و نەتەوەو گروپێكە، هەڵگری گەنجینەی مێژوی ئەو نەتەوەویەیە، گوێزەرەوەی مەعریفە كلتورییەكانەو لەبەرئەوەیە، كە زمان بە گرنگترین ڕەهەند لە كردەی بە كلتوربووندا دانراوە، چونكە ئەم كەرەستەو ڕایەڵەی ئەوانی تریش پێكدەهێنێت، كە بریتین لە[٥٤]: (كۆبوونەوەی مرۆیی، فێربوون، مەیینی بەهاو نۆرمە كۆمەڵایەتییەكان)، لە پرۆسەی زمانوەرگرتندا جا زمانپژان بێت یان فێربوونی زمانی دووەم‌و...ئێمەی مرۆڤ یەكە پێكهێنەرەكانی كلتور، وەك هونەر، ئایین، ئیتیك..تادو ڕەگەزەكانی كلتور، وەك بەهاو دابونەرێت، شێوازی ڕەفتاری، ..وەردەگرین‌و فێردەبین‌و بە كارەكی جێبەجێیدەكەین، لەبەرئەوەیە كلتوری هەر مرۆڤو گروپ‌و نەتەوەیەك بە سروشت‌و پێناس‌و دیاریكەری ئەوان دانراوە(كلتوری مرۆڤ سروشتی مرۆڤە بیری مرۆڤ بەهۆی پرۆسەی مێژوی كلتورەوە دیاریدەكرێت. زمان هۆكاری كۆمەڵایەتی بیرە)[٥٥] ، چونكە كلتور بریتیە لە[٥٦] كۆمەڵێك بەهاو چەمك كە تەحەكوم، بە ڕەفتاری تاك یان كۆمەڵ لە كات‌و سەردەمێكدا دەكەن. كلتور ئەو هەگبەیەیە، كە یاساو ڕەوشت‌و دابونەیت‌و مەعریفەو بیروڕا لە خۆدەگرێت، زمانیش ئەو نێوەندەیە كە بەهۆیەوە بنەما كلتورییەكان كە بونیاتی ژیانسازیین بۆ ناخی مرۆڤ دەگوێزێتەوەو سەرلەنوێ دیدگەو بیرو تێڕامان‌و تێفكرینی نوێی پێدەبەخشێت‌و ڕێبەرێتی‌و ئاڕاستەی دەكات، لەبەرئەوەیە سەرچاوەی ئاسودەیی دەرونی مرۆڤو ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی پەیوەستە بە چۆنێتی بەكارهێنانی زمانەوە.

## ئەنجام

١. زمان، لە پێڕەوی هێمایی‌و بیریی پێكهاتووە، پێڕەوی هێمایی وشەكان بەرجەستەیاندەكەن، كە پێكهاتەی تۆڕئاسان‌و بەهاو كۆزانیاری‌ویاساكانی مرۆڤو ژیان‌وكۆمەڵی تیادا ناواخنكراوە، پێڕەوی بیریش چەمكەكان دەیاننوێنن، كە یەكە پێكهێنەرەكانی زانیاریی‌و كۆزانیاریی‌و نواندنەئاوەزییەكان، بونیاتی پێكدەهێنن.

٢. پەیوەندی نێوان بیرو وشە لەوەدایە، كە واتای وشە دەربڕو بەرجەستەكەری ناواخنی بیرە، بیرو وشە لە ئەنجامی پەرەپێدان بە پرۆسەكانی بیركردنەوەو ئاخاوتن گەشەدەكەن، هەر لەمەشەوە وشەكان هۆكارێكن بۆ گەشەی دركپێكردنی هەستیی، توانا ئاوەزییەكان‌و گەشەی ژیریی. بە گشتی وشەكان ناوەڕۆكی واتاو تێگەیشتن لە مرۆڤو ژیان‌و دركردنیان تێدا كۆبۆتەوە.

٣. بابەتەكانی زمان، بیر، پەرەپێدانی مرۆیی، بابەتی دانەبڕاوو بگرە پەیوەستدارو تەواوكاری یەكترن، كەموكورتی‌و گرفت لە هەر یەكێكیان ناتەواوی لە ویتریان دێنێتە كایەوە، چونكە تێكردەی ئەمیان دەبێتە دەركردە بۆ ئەوەی تریان‌و بە پێچەوانەشەوە.

٤. بەكارهێنانی ئەرێیانەی زمان كلیلی كردنەوەی ناخی مرۆڤ و هەژاندنی دەرون‌و وروژاندنی بیرو تێفكرینێتی‌و سەرچاوەی سەرەكی چاندنی ڕەوشت‌و ڕەسەنایەتی‌و كەسێتی‌و...تاد، ئامرازی بە ڕەفتاركردنی بەهاكانە لە مرۆڤدا.

---

[٥٤] شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١٣: ٦٩).

[55] *Nick Lund (2003: 162).*

[٥٦] فاطمة لطفی گودرزی(٢٠١٠: ٥).

## سەرچاوەکان


ا. بە زمانی کوردی:

١. ئاڤێستا کەمال مەحموود، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی،2012.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود، وێنەی هزری لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامدای بەختیار عەلی ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،٢٠١٣ ژمارە ٤٢.

٣. ئیبراهیم فەقێ/و: کەمال عەلی، پرۆگرامی زمانەوانیو دەمارگیریو هونەری پەیوەندیکردنی بێسنور،چاپی سێهەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤. ئیبراهیم فەقێ/ و: هیلال سابیر کەولۆسی، هێزی بیرکردنەوە، چاپخانەی کەنج، چاپی دووەم، سلێمانی،٢٠١٣.

٥. ژان پۆل سارتەر،٢٠٠٩ .

٦. شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمانو کلتور، بەڕێوەبەرێتی چاپو بلأوکردنەوە، سلێمانی،٢٠١٣.

٧. شیلان عوسمان، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکاندا، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨. شیلان عومەر حسەین، پەیوەندی سینتاکسو سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١١.

٩. عەزیز جەلال عەزیز، بیرکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٠. گۆنا عمر عبدالله، دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

١١. محەمەدی مەحوی، ئاوەزداریيو ڕێزمانی ناوەڕۆك–وابەستە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٢. محەمەدی مەحوی، زانستی هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٩).

١٣. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، زمان پژاندنو دیاردە سایکۆ–فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٣.

١٤. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی جیهانگەریيدا،سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٥. هـ.د. ویدۆوسن/و: هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

ب– بە زمانی عەرەبی:

١– ابراهيم فقى، البرمجة اللغوية العصبية، قاهرة،٢٠٠٧.

٢– جمعة سيد يوسف، سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، عالم المعرفة، الكويت،١٩٩٠.

٣– عبد القادر عبد الجليل، اللغة والتنوعات الاجتماعية، دار صفاء للنشر، ٢٠١١.

٤– عبد القادر الفاسي الفهري، اللغة العربية والبحث العلمى فى تقرير التنمية الانسانية العربية.

٥– محمد الخامس السويسى، الرباط، ٢٠٠٥.

٦– فاطمة لطفى طودرزى، تأثيراللغة العربيةعلى الثقافة الإسلامية، جامعةفتراالماليزيا، ٢٠١٠.

٧– محمد التكريتي، البرمجة اللغوية العصبية، ٢٠٠٩.

پ– بە زمانی ئینگلیزی:

- CINDY CHUNG and JAMES PENNEBAKER, The PsychologicalFunctions of Function Words, NEW YORK,2007.

-C. R. Gallistel , Mental Representations; psychology , Rutgers University, New Jersey,

USA,2001.

- Derek Bickerton ,Language and Behavours, 1995.
- Helge Malmgren ,Presentations, re-presentations and learning, Göteborg University, Sweden, 2006.
- -Lev Vygotsky's ,Thought and Language,MIT press,Cambridge,London,1986.
- Nick Lund, Language and Thought, LONDON AND NEW YORK ,2003.
- Robert Kelsey,What Stopping You, Luke Johnson, 2012.
- Robert M. Krauss and Chi-Yue Chiu, Language and Social Behavior, Columbia University and The University of Hong-Kong,1998.
- Zaid Ali Alsagoff, Thinking Tool, 2010.
- www.wikipidia.com.
- www.dictionary.com

## الخلاصة

تتألف اللغة من نظم رمزية وفكرية ، حيث تقوم الكلمات بتجسيد النظم الرمزية التي هي تركيبات شبه-شبكية تتضمن قِيَم ومعلومات مُجَمَّعة وقوانين حول الإنسان والحياة والمجتمع. وتقوم المفاهيم بتجسيد النظم الفكرية، وتركيبتَها تتشكل من وحدات المكونات المعلوماتية والمعلومات المُجَمَّعة والتمثيلات العقلية. إن العلاقة بين الفكر والكلمة هي أن معنى الكلمات عبارة عن تعبير وتجسيد لمضمون الفكر. يتطور الفكر والكلمة نتيجة لتنمية أنشطة التفكير والتكلُّم ، ومن هنا تكون الكلمات وسيلة لنمو الإدراك الحسي، والقدرات العقلية والتنمية الفكرية. إن الكلمات تتضمن المعنى والفهم حول الإنسان والحياة والإدراك ، ومن هنا تعتبر اللغة والفكر والتنمية البشرية مواضيع متصلة ومترابطة وتكاملية مع بعضها البعض، ويؤثر الخلل أو المشكلة المحتملة في أي منها على حدوث النقص في الآخَر ، حيث أن مدخلات إحداها تكون مخرجات للآخَر ، وبالعكس. تَفتَرِضُ هذه الدراسة بأن الإستخدام الإيجابي للغة هو مفتاح الدخول إلى الذات الإنسانية وإثارة النفس وتحفيز الفكر والتفكير ، وهو المصدر الأساسي لغرس الأخلاق والأصالة وغيرها، وهو وسيلة تفعيل القِيَم سلوكياً في الشخصية الإنسانية.

## Abstract

Language consists of patterns of symbols and ideas, where the words embody the symbolic patterns that are semi-networks, including values, collected information and laws concerning human life and society. On the other hand, the concepts embody intellectual patterns, and its composition consists of informatics component units, collected information and mental representations. The relationship between thought and word is that the meaning of words is an expression and embodiment of the content of thought. Thought and word develop as a result of the development of thinking and speaking activities, hence the words are a way for the growth of sensory perception, and mental abilities and intellectual development. The words include the meaning and understanding about human life and cognition, and language, thought and human development are regarded as related topics, interrelated and complementary with each other, and any defect or potential problem in any of them will affect the others consecutively, as the input of one of them is the output of the others, and vice versa. This study assumes that the positive use of language is the key to access the human self, self-exciting and stimulating thought and reflection, which is the primary source for implanting ethics and authenticity, etc., which is a means of behaviorally activating the values in the human personality.